# مینە

## دیوانە شیعر

2022

ناوی کتێب: دیوانە شیعر

نووسینی: محەمەد ئەمین حسەین عەلی/ مینە

بابەت: هۆنراوە

دیزاینی ناوەرۆک: مینە

بەرگ: شاد ئومێد فەرەج

ژمارەی سپاردنی: ( 1299) ساڵی 2022 ی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە.

# پێشەكی

لە باشووری كوردستان، لە شارێكی نوێ لە دروستبوون و بنیاتناندا، كۆن و دێرین لە خەبات و راپەڕیندا.

لە شارەكەی مەولانا خالید، مەحوی، پیرەمێرد، گۆران و بێكەسدا...

لە گەڕەكێكی میللی، لەنێو خەڵكانێكی سادەوساكار و بە ئەمەك و بە ئاكاردا... چاوم هەڵهێنا.

خەڵكانێ، كە ئاوێتەی ئازارەكانی یەكدی دەبوون و لە شادی و خۆشیدا پێكەوە هەڵدەپەڕین.

دەوڵەمەند، هەژار، دەستدار، بێ دەست، شڕۆڵە و پۆشتە... پێكەوە راز و نیازەكانیان گرێدابوو.

هەریەكە لە ئاستی خۆیەوە، وەك پێویستی سەرشانی، پارێزگاری لە ئابڕووی ئەوی دی دەكرد و بەواتای ووشە، برایەتی و خوشكایەتی، دایك و فرزەندی و باوكایەتی لە ئارادا بوو.

منی منالێش،

هەر بەو رەسەنایەتیە كوردانەیە گۆشكرام، منالآنی گەڕەكەكەی خۆمانم زۆر خۆشدەویست...

هەلوكێن، قەلآقەلآ، چاوشاركێ، ئاشەبەتەنوورە، هەڵماتێن، واغێن، چاڵچاڵێن، یەكەوگۆتەكە و بازبازێن...هتد.

دەمەتەقێ، گاڵتەوگەپ و یاری و وازیە خۆماڵیەکان، هۆگری یەکدی کردبووین و پێکەوە مناڵانی گەڕەکمان پێکدەهێنا.
ئێوارەیەك، ئاسمانی شار، ناوچەوانی وەك ژێکەوان هێنایەوە یەك و هێندەی پێنەچوو، دوای گرمە و هەڕەشەیەکی تووڕە، لێزمەی باران و تەرزە، شوڵتەیمانی داباری...
هەر دەتگووت قینی لەو شارەیە، هەرچی زووخاوی دەروونی هەبوو هەڵیڕشت...
تەنانەت چیای گۆیژەش نەیدەتوانی بەری لێشاوی قینی بگرێت.
بەڵێ، تەوژمی رمۆزنی دێوەزمەی لافاو هەڵسا، بەرەو خوارووی شار، هێرشی وێرانکاری دەهێنا بەسەر بازاڕ و دووکان و خانووی گڵێندا و هەرچی پێشدەهات رایدەماڵی..
منی مناڵیش...
ئەو کارەسات و رووداوە سامناکە، دەروونی بچکۆلەمی پڕکردبوو لە ترس و لەرزین؛ ماڵەکەشمان بەرزتربوو لە ئاستی ئاوەکە... بۆیە تابلۆ رووبەر تەسکەکەی بەردەمم بە تەواوی و روون و ئاشکرا دەبینی.
بەرلەوەی باڵی تاریکی شەو بکێشێ بەسەر شاردا، لافاو نیشتەوە... بەڵام رێگای هاتوچۆی ئەمبەر و ئەوبەری گەڕەکەکەمان نەمابوو..
(پوورە گوڵخە) لە ژێرخانەکەیدا خنکابوو.
(کوڕی دەروێش قادر) دیارنەبوو.
(کچی سەعید ساقی)، لێشاوی لافاو کردبووی بە تەنوورەی ئاشەکەی سەرو

گەڕەکەکەماندا...
بڵندگۆکان هاواریان ئەکرد: " ئەوەی ماڵی وێرانە، رووبکاتە خەستەخانە".

مقۆمقۆی پارتایەتی، بۆ یەکەم جار بەرگوێم کەوت...
گەنجان، لاوان، یادکردنەوەی بۆنە و رۆژە پیرۆزەکانی وەك نەورۆز و شەهیدانی حوزەیران.
کوڕگەل دەستیان داوەتە تفەنگ و بەرەو چیا کەوتوونەتە رێ...
شەڕی دەربەندی بازیان،
گرتن،
کوشتن،
ئازاردانی خەڵکی..
رۆژێك، دەبابەیەکی دوژمن، لاشەی کوردێکی بەدوای خۆیدا بەکێش دەکرد و بۆ چاوترسێن بەناو شاردا دەیگێڕا...
هەمووان دەمانزانی کە ئەوە (سەعە کەچەڵی بارچاوەش)ە و پێشمەرگەیەکی ئازا و جوامێر بووە و هەڵیکوتاوەتە سەر دەبابەکە؛ بەڵام سەد مەخابن، بەخت یار نەبووە و پێکراوە.
سەیر ئەوەبوو... خەڵکی لەگەڵ دڵنیابوونیشیاندا، کە ئەوە سەعە کەچەڵە... کەچی ئەیانووت: شوانێکی هەژارە و لەو دەرودەشتە بەگیریان هێناوە.. دوژمن هێندە بەتوانا نییە، تا بتوانێت پێشمەرگە شەهیدبکات و ئابەو جۆرە بەدوای دەبابەدا بەکێشی بکات.

**چونکە پێشمەرگە لای میللەت نموونەی بەرزی بوو، پێشمەرگە لەوە مەزنتربوو، تەنانەت دوای شەهیدبوونیشی، دوژمن بتوانێ بەگیری بهێنێ.**

**زەعیم صدیق...ساڵی 1963؛**

**شەهیدانی زیندەبەچاڵی دەشتی کانیئاسکان...**

**نامیق ئاغا،**

**مامۆستا یاسین،**

**مامۆستا ئەنوەر،**

**مامۆستا حەمبۆر،**

**ڕەحیمی عەینە...**

**مامۆستا، کاك، برا، دۆست و هاوولاتی.**

**ئازاردان، کوشتن..**

**سەرنگونکردنی هەندێ لاوی پێگەیشتوو.**

**بلاوبوونەوەی پۆستاڵ ڕەش بەناو کوچە و کۆڵانەکانی شاردا.**

**پشکنینی ماڵان، ڕێ لە کاروانی گرتن، قەدەغەکردنی شەکروچا و خۆراك بۆ دەرەوەی شار.**

**ئێوارەیەك، کوڕوکاڵی گەڕەك کۆبووبوونەوە و ڕووەو شاخی گلەزەردە دەیانڕووانی؛ کە ئەودیوی شاخەکە دووکەڵێکی زۆر چڕ و فراوان بەری ئاسمانی ناوچەکەی گرتبوو..**

**بەڵێ شارۆچکەی قەرەداغ بۆردوومان دەکرا.**

زۆر سەیربوو...

بۆ یەکەم جار لە سنووری چاوی خۆم زیاترم بەدی دەکرد...

هەستم بە ئازاری ئەو خەڵکانەش دەکرد کە لەژێر بۆمباباران و بۆردوومان‌دان.

ئیدی لەو ڕۆژەوە عەشقم گەورەتر بوو.

تەنیا هەر منالانی گەڕەکەکەی خۆمانم خۆشنەدەویست، بەڵکو منالانی گەڕەکەکانی تر و هەموو شار و گوند و شارۆچکەکان و شارەکانی دیکە و بەگشتی هەموو کوردستانم خۆشدەویست.

پاش چەند ڕۆژێ، دوای ئەو کارەساتە دڵتەزێنە، لاشەی کوڕێکی دراوسێمانیان هێنایەوە، کە شەهید بووبوو.

شان بە شانی براکەی، کە هاوتەمەنی خۆم بوو، دەگریام.

نەك هەر لەبەرئەوەی برای هاوڕێکەمە و کوڕی گەڕەکە، بەڵکو لەبەرئەوەی پێشمەرگە بووە و دوژمن شەهیدی کردووە...

گریام، گریام... هەتا گریان لە دەروونما بوو بە قین و بوو بە نەفرەت.

ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ ئازارەکانی شاردا گەورە دەبووم... تا گەیشتمە تەمەنی ئەوەی کە بتوانم لەسەر هەڵوێستی خۆم سووربم و بە مێشکی خۆم بیربکەمەوە...

ڕوومکردە شاخ و لە ناوچەیەکی کوردستان بووم بە پێشمەرگە.

لە نزیکەوە هاوبەشی خەباتم دەکرد و لەگەڵ ئازارەکاندا جۆشم دەخوارد...

چیام زۆر خۆشدەویست، هەر کە ووشەی چیام ببیستایە، یان چاوم بە بالای

شاخێکی بڵند بکەوتایە.. هەموو کوردستان دەهاتە پێش چاوم، وامئەزانی چیا هەر لە کوردستان هەیە... چونکە چیا زۆر پیرۆزبوو، لانە و سیپە و حەشارگەی شۆڕشگێڕان بوو.

داخم ناچێ، بەپێی بڕوای ئەمڕۆم و بە چاوی ڕۆژانی رابردووم، هەموو شت لە سەرەتاوە پیرۆزە، بەلاّم هەرگیز کامڵ نیە، چەند پاك و بێگەردیش بێت، بە هەمان شێوە دواقۆناغی نابڕێت.

سەرمان بڕی،

لوتمان بڕی،

یەکمان کرد بە دوو،

سوور و زەرد لە مەنجەڵێکدا نەدەکولاّن...

سوورمان بەناچاریی کرد بە زەرد،

هەژارمان دەوڵەمەند کرد،

دەوڵەمەندمان بەرەو پێچەوانە دەبرد،

دەستی دزمان دەبڕی و ماڵی دزراومان سەرەوژێر دەکردەوە بۆ گیرفانە قوڵەکان؛

ژنانی داوێن پیسمان قڕەکرد و مەلۆتکەی زۆڵمان لە پشتی ماڵە تەلبەند کراوەکانەوە دەدۆزییەوە.

چەند جارێ بە دەهۆڵ و زوڕناکەی بەغدا هەڵپەڕین...

دەبووینەوە بە برا و پاشان " نە حوشتر لە کوێستانی کوردستان دەژیا و نە

دارخورما لەسەر چیا دەڕووا."
هێندەی پێنەچوو، دوای پشووی ئاشتیەکی درۆ...
گەورە و بچوك...
ئەوەی هێشتا پیرەوگەش نەبووبوو.. کەوتە رێ.
لە هەموو گۆشەیەکی کوردستانەوە هەر کوردە و رووەو چیا ملئەنێ.
یەك لەگەڵ دووا کۆکرایەوە،
سوور لە سەنگەری دوژمنا مایەوە،
سنووری ناوچە ئازادکراوەکان، تا دەهات فراوان تر دەبوو،
شۆڕش رۆژ لەدوای رۆژ لە گەشەکردندا بوو...
قەڵادزە و هەڵەبجە شەهید کران،
کارەساتە دڵتەزێنەکان، لەوە ناخۆشتر نەبوون، کە نەماندەزانی سەرئەنجام لە بەندەری کام ملکەچیدا خۆدەبینینەوە.!
هەواڵ...هەواڵ،
ئاگربەستە،
تەنانەت قەدەغەیە فیشەکێ بنرێ بە نیشانێکەوە..
یەکێ دەیووت: دوژمن زۆر لاوازە و ئاخری چۆکمان پێدادا.
دوو دەیووت: لەوانەیە بڕیارەکە بۆ ماوەیەك تەقە وەستان بێت.!
سێ دەیووت: ئەمجارەش بەشوویان داینەوە.!
چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ و هەزار دەیووت: بڕوابکەن کەس نازانێ چی روویداوە..!

هەمووان وێڵی هەواڵێك بووین، تا لەو دڵەڕاوكەیەمان رزگاربكات.
هەواڵ، هەواڵ..
شۆڕش تەواو بوو.
رێگاكان هەمووی گیراوە،
تەنیا رێگای سەرەوژوور بەرەو باكور، لەگەڵ رێگای سەرەوخوار بەرەو باشوور ماوە...
تەنانەت بزنەڕێكانیش قەدەغەیە پیاتێپەڕن، هەموو كوردێك سەربەستە لە هەڵبژاردنی یەكێ لەو دوو رێگایە، بەڵام مانەوە لە نێو چیاكاندا مەحاڵە..!!
منیش لەگەڵ ئەوانەی سەرەوخوار دەڕۆیشتن، لولەی تفەنگەكەم سەرەوخوار كردەوە و بەرەو شار شۆڕبوومەوە...
دوای ئەوەی چەكەكەم لە شانم داماڵی و دامە دەست پۆستاڵ رەشێ.
ئیدی ملم شۆڕكرد و بەرەو ماڵەوە كەوتمە رێ.
حەزم نەدەكرد كەس ببینێ.
لەو پرسیارە زەقانە دەترسام كە لە مێشكی كەسانێكدا بوو، بە مەبەستی بریندارکردنی هەستی من و خۆنواندنی خۆیان كە هاوبەشی هەرەس نەبوون.
یەكەم مرۆڤێ كە بەرەوپیرم هات و توانیم بەبێ سڵكردنەوە سەیری چاوەكانی بكەم، دایكم بوو؛ دەمزانی ئەو جگەرگۆشەی خۆی بریندارناكات... كەچی بەگریانەوە پێیووتم: بەخێربێیتەوە پێشمەرگەی هەڵهاتوو..! بەخێربێیتەوە ئەی پێشمەرگەی ملكەچ.

له بەشەکەی خۆم، لەبەر دەم دادگاکەی دایکمدا زۆر داکۆکیم لە خۆم کرد.. تاوانەکە، تاوانی من نەبوو، منی بچوك، منی لە هیچەوە دیارنەبوو، منی سادەوساکار، منی تەنیا چیلکەوچەوێڵ... منی پێشمەرگە چیم بە دەست بوو...؟؟؟؟؟؟؟؟؟

هیوابڕان، هیوابڕان...

وەرزی کۆچە،

وەرزی دابڕانی کارەکۆرپەیە لە گوانی دایکی...

وەرزی ماتومەلولیە؛

هیوابڕان،

سەرشۆڕی،

خۆبەدەستەوەدان،

دەستەمۆ بوون،

دوورخستنەوە بۆ زەلکاو و زۆنگاوەکان.

یادەکانی کەڵێتی،

نەبەردە خوێناویەکان،

شەهیدان،

گوندی وێرانکراو،

کوردستانی داگیرکراو،

گڕی نەورۆزی خامۆشکراو.

هیوابڕان...هیوابڕان... وەرزێکی پڕ لە ئازارە.

**هەموو رۆژێك، ئەمانە و زۆر شتی دی، لە دەروونما پەنگیان دەخواردەوە، تا لەپڕ زۆر هەست و سۆزی ئاگراوی جێیان نەدەبووەوە و لە یەك، دوو كۆپلە شیعردا خۆیان دەبینییەوە.**

**هێشتا ساڵ وەرنەچەرخابووەوە...**

**هەواڵ، هەواڵ،**

**لە هەندەرانەوە هەواڵ...**

**هیواكان جارێكی دی تۆوكرانەوە...**

**هەر تینووە و دەستە، دەستە، شەش و حەوت، سەریان كردووە بەیەكدا و تینوێتی خۆیان دەشكێنن، بەتاسەوە گوێ قولاغی هەواڵەكانن، لە دەریای كۆپلە شیعرێكی گڕاویدا دەتوانەوە... سواری ئەسپی خۆپەروەردەكردن بوون و لە شەقەی باڵ ئەدەن.**

**هەر لاوە و لە هیچ سڵ ناكاتەوە،**

**هەر پیر و منداڵ و جوانە، پێكەوە خەونیان بە بەیانیەوە دەبینی.**

**هەواڵ، هەواڵ...**

**چرپە، چرپە...**

**ئەزانن، پۆلە هەڵۆیەك ئاوێزانی گەردنی چیا بووەتەوە ؟!**

**هەواڵ... ئاوەڕشێنی كورەی دەروون ئەكا،**

**هەواڵ گڕی هیوا خۆش ئەكات،**

**جارێكی دی چیا نەورۆز ئەكاتەوە،**

**جارێكی دی سیپە و قەڵای دژ بە دوژمن قایم ئەكاتەوە.**

**هەواڵ، هەواڵ...**

**هەر هەڵۆیە و پەڕوباڵی نوێ دەرئەکات و بەرەو ترۆپکی چیا دەداتەوە لە شەقەی باڵ...**

**چیا هاواری پێدەشتە، پێدەشتیش دەگدانەوەی چیایە.**

**رۆژ لە دوای رۆژ هیواکان گەورە تر دەبوون، رۆژ لە دوای رۆژ لەگەڵ شۆڕشدا ئاوێتە دەبووین.**

**دوژمنیش زۆر دڕندانە کەوتبووە خۆی... مەحاڵی کرد تا نەهێڵێ گەشە بکات.**

**هەرکەسێکی دەگرت، بێ سێ و دوو بڕیاری لەداردانی دەدرا.**

**دەیان بەندیخانە و شوێنی لەداردان و ئازاردانی وەکو هەیئەی کەرکوك و موصڵی دانا؛ سەدان رۆڵەی کوردی ئازا و بەجەرگی تیا لەداردا.**

**هەر شیعرە و لەدایك ئەبێ،**

**هەر ووشەیە و رائەپەڕێ،**

**هەر بڕوایە و بۆ لوتکە هەنگاوئەنێ.**

**هەواڵ، هەواڵ...**

**هەواڵێکی دڵتەزێن،**

**چەند هەڵۆیەك بە داوەوە بوون و هەواڵیان لە موصڵەوە هاتووە، رۆژی هەینی لەدار دەدرێن، کەسوکاریان ئاگادارکراوە کە دەتوانن بۆ دواجار دیدەنییان بکەن..**

**ئاگری دەروون هەڵیگرتم و منیش وەك دۆست و هاوڕێ و خەمخۆرێ رێکەوتم...**

بۆ دیدەنی ئەو هەڵۆ راوکراوانە،
بۆ دیدەنی ئەوانەی کە هێشتا لە لانەی شاردا بوون و نەیاندابوو لە شەقەی باڵ و بێبەختانە بەداوەوە بووبوون.
ئەوانەی هاتبوون بۆ دیدەنی، دڵگەرم و ماتومەلول لە سووری زیندانا، چاوەڕێ بوون هەڵۆکان بگەن و هەر هیچ نەبێ دوا نیگایان لەناو چاوەکانی خۆیاندا حەشاربدەن و بە دزی سیخوڕ و لالغاوە خوێناویەکانەوە بیهێننەوە.
لەپڕ لە پێچی سوورەکەدا پۆلــێ هەڵۆی باڵ و پەڕکراو دەرکەوتن، بەڵام رووی سووریان بە هەموو ئازار و ئەشکەنجەی دوژمن نەگۆڕابوو، بڕوای بەرزیان بە لەداردانیش نەوی نەئەبوو.
پرمەی گریان...
باوەش گرتنەوە...
ئاوێزانی باڵای یەکتری بوون...
هەڵپەڕکێ...
ووتەی جوان و پیرۆز...
ماڵئاوایی،
دڵدانەوە،
هاندان بۆ بەردەوامی رێگاکانیان.
هەر شیعرە و لەدایك ئەبێ،
هەر ووشەیە و یاخی ئەبێ،
هەر بڕوایە و بەرەو ترۆپك باڵئەگرێ..

**گرتن،**

**کوشتن،**

**ئازاردان...**

**سات لەدوای سات هیواکانی پتەوتر دەکرد؛ تا دوژمن دڕندەتر بووایە، پۆلە هەڵۆی نوێ بەرەو چیا باڵی ئەگرت.**

**هەواڵ، هەواڵ...**

**بەداخەوە، دەڵێن: یەك دوو پۆلە هەڵۆ بەزیون و پەڕوباڵی هەڵۆییان فڕێداوە و هاتوونەتەوە ناو باوەشی دوژمن.**

**گرنگ نیە،**

**شاخ هەر شاخە،**

**گرنگ نیە،**

**ئەوانەی هەڵۆییان لێنایە، ئەمڕۆ بێ، یان بەیانی، دەبێ لەو بەرگە بێنە دەرەوە و بەرەو چارەنووسی شیاوی خۆیان مل بنێن.**

**چیا بەندەرێکی گەورەیە، لەوپەڕی سنوورەوە تروسکەی گڕی چراکەی تین و توانا ئەدا بەوانەی لە ئازار و ئەشکەنجەدان.**

**فێریانکردین شەوانە بە شریخەی تفەنگ لایلایە بۆ منالانی شار بکەن.**

**ئەو شەوانەی تەقە نەبووایە، کێ خەوی ئەهات ؟**

**کێ هەبوو چاوەڕوانی شریخەی لایلایە نەبێ ؟**

"ئەرێ دایە.....
بۆچی منالآنی ئەم شارە،
هەتا گوێیان لە شریخەی تفەنگ نەبێ،
خەویان نایە..؟

بنوو رۆڵە...
پرسیارەکەت بێ مانایە
وەڵامەکەی هەزار بەڵای بە شوێندایە.

توخوا دایە
دەپێمبڵێ، خەوم نایە.

کۆرپەی دایە...
ئەی نازانی
ئازادی لە لولەی تفەنگدایە..؟
ئەی نازانی..
شریخە داوای مافێکی رەوایە..؟
ئەی نازانی..
گوێزەبانەی منالەکان
لە پریاسکەیەکی خەمایە..؟

من وانالێم،
ئەلێم بۆچی خەویان نایە..؟

تاقانەکەم...
ئەو رێگایەی باوکت ویستی پیا تێپەڕێ
تۆ لێیگەڕێ.

باشە دایە...
ئەوانەی دێن شریخە دەکەن بە لایلایە،
هەر لەو بەرگەی باوکی منیان لەبەردایە..؟

بەڵێ رۆڵە...
هەشە لە هەمان بەرگایە،
بەڵام داخ، هەزاران داخ
لەگەڵ بەرەی دوژمندایە.

دوێنێ لە مامۆستام پرسی
ئەو دەستەی توشی نەخۆشی شێرپەنجە بێ
بۆ چارەسەر چی لێئەکرێ..؟

ووتی: کوڕم
نەخۆشی وا زۆر بەلایە،
بۆ رزگاربوون...
بڕین چاکترین دەوایە.

بنوو رۆڵە..
ئەم ووشانە بێ مانایە،
وێڵبوون بە دوای سەرئەنجاما،
هەزار مەینەتی لەدوایە.

ئاخر دایە خەوم نایە،
دەپێمبڵێ بۆچی منالانی ئەم شارە،
هەتا گوێیان لە شریخەی تفەنگ نەبێ
خەویان نایە..؟
بنوو رۆڵە،
بنوو کۆرپەم،
نوستن هەستانی لەدوایە."

سەد مەخابن، وەرزی پایز لە بەهاری پڕ لە خۆزگە و هیوادا، سروشتی هەڵۆی گۆڕی...

ڕەنگی پەڕیان لە خاك ئەچێ و یەك ڕەنگیان بوو...
بەڵام کڵاوی ئەم، ڕەش و سپی جامانەیی،
کڵاوی ئەو، سوور و سپی جامانەیی،
کڵاوی هێندێ وەك شەپقە و هێندێکی دی کەمێ لار و ئەوانی دی قوتە و نەخشدارە.
کڵاو، کڵاو...
بڵاو، بڵاو...
ڕێگاکان هەمووی بۆ بانەیە،
مەبەست لە چوونە بانە،
بۆ هێنانی ئەموستیلەی حەزرەتی ڕزگاریە، بۆ دەست و پەنجەی خاتوو کوردستان.!!!
هەر کاروانە و بنەوبارگەی جیای بەستووە،
هەر کاروانە و بە ڕێی تەنیایدا ڕێ ئەکات.
بڵاو، بڵاو...
گەنم گرتی جۆ بڵاو...
چیا لەجێی خۆی ناجوڵێ، ڕووبار سەرچاوە ناگۆڕێ...
مەبەست چوون بۆ بانەیە،
ئامانج هەر هەمان ئامانجە...
کەچی قالە و نالە و مالە و خلە، هەر یەکە بە ڕێیەکدا ملیان ئەنا...
هەر داوێنی چیایە و گۆڕستانی شەهیدانی جیا، جیایە.

هەر شیعرە و لەدایك ئەبێ،
هەر ووشەیە و نەفرەتی لــێ ئەبارێ...
هەر بڕوایە و بەرەو پێدەشت مل ئەنێ.
شەهیدانی کۆپلەی شیعرم یەك شەهید بوو،
شوورای گۆڕیان جامانەی رەش و سپی و سوور ومشکی تێکەڵ بوو.
هەواڵ، هەواڵ...
جارێکی دی دەهۆڵەکەی بەغدا لێدرایەوە...
هیوا، هیوا... بۆ بارودۆخی ئەم کاتەمان زۆر لەبارە، هەر هیچ نەبێ ئیدی هەلۆ چنگی ناچێ بە خوێنی هاوڕەگەزیا. هەر هیچ نەبێ لەوە زیاتر رۆڵەی کورد قڕ ناکرێ.
هیوا، هیوا، دەهۆڵ هەر لە لێدانایە... کە دەنگی دەهۆڵ ئەبیستین،
بۆشاییەکەی بەبیرمانا نایە.!!
ئەم جارەشیان تەڵەگێڕی دوژمن دیارە،
کەی حوشتر لە کوێستانی کوردستان ئەژی و کەی دارخورما لە چیادا سەوز ئەبێ ؟؟ هەر لە کۆنەوە وابووە ( حەق تا نەسێنرێ، نادرێ ).
دەنگی دەهۆڵ چرکەی چنرا، لوورەی نەما...
شاخ جارێکی دی باوەشی بۆ هەلۆ گرتەوە.
بەڵام هێشتا هەلۆی ئەمبەر، راوی هەلۆی ئەوبەری ئەکرد، هی ئەوبەریش راوی هەلۆی بەرامبەر و ئەملاو ئەولای خۆی ئەکرد.
هەر شیعرە و لەدایك ئەبێ هەر ووشەیە و فرمێسکی چاوی ئەسڕێ، هەر

بڕوایه و وەك مەلۆتکەی لەبارچوو قۆناغەی بێ هیوایی ئەکرێ.
به هەڵەی سالآنا چووینەوه،
هەڵەکانمان به هەڵه ڕاست ئەکردەوە،
وەڵامی دەم کوتکردنیشمان پێبوو... جارێکی دی دوژمنی دوژمنەکەمان
کردەوه به دۆست.. هێندەی پێنەچوو...
هەواڵ، هەواڵ ..1+2+3+4+5= بوو به یەك.
ئەمجارەیان نەك هەر شیعر، خۆم ڕێکەوتم...
بەرەو چیا،
بەرەو دوورگەی پڕ ئازادی،
بەرەو چاوگەی هیوا و خۆزگە.
بەڵام له تەمەنا، گەورەتر له جاران.
له بیردا، کامڵ تر له جاران.
له هیوادا، تامەزرۆ تر له جاران.
له دیدمدا، سنووری چاو بەربلاو تر له جاران.
له عەشقیشدا، شیعرەکانم بەسۆزتر له جاران.
لای من پەڕی هەڵۆ هەر خاکی بوو،
لای من گوڵاڵه هەر سوور بوو،
لای من چیا، هەر چیا بوو،
لای من سەنگەری پێشمەرگه زۆر پیرۆز بوو،
ئەوەی لەبەرەی میللەتا بمردایه، شیوەنی شیعرم بۆ ئەکرد، هەر هەموویانم

**خۆشئەویست...**

**لە ئاهەنگیانا هەڵئەپەڕیم،**

**لە نەبەردیانا رائەپەڕیم،**

**لە ماتەمیشیانا ئەگریام.**

**هەر ساڵە و ماڵئاوایی لە پار ئەکرد،**

**هەر ساڵە و بە سەدان رۆڵەی جوامێری کوردی لە رووداوی مێژوویی خۆیا، وەك شەهید تۆمارئەکرد.**

**دوژمن کەوتۆتە هەڵپە، تابوور، تابوور، هەر کوللەیە و کەوتۆتە گیانی کێڵگە و دانەوێڵەی کوردستان.**

**هەر گوندە و وێران ئەکرێ،**

**هەر کوڕی کوردە و دەستەمۆی بێ هیوایی ئەبێ،**

**هەر شارۆچکەیە و بارانی ژەهر بەسەریا ئەبارێ.**

**هەر چیایە و گڕ لە باڵای بەرئەبێ،**

**هەر شوێنەوارە و پەپوو تیائەخوێنێ...**

**هەواڵ، هەواڵ...**

**ئەمجارەیان تەنیا بەرەوژوورە،**

**رێکەن وا جەجاڵ هەستاوە، ئەوەی توانای رێکردنی پێوەماوە، با سەرەوژوور بەرێکەوێ، باشوور ببڕن، لە باکوردا هیوا ماوە...**

**بڕۆن، بڕۆن پێ هەڵگرن.**

**خاڵە: ئەوە بەرەو کوێ وا رێچکەتان بەستووە ؟**

برا، دەڵێن بۆ بەرەوژوور..
ئەی ئێمە رووبکەینە کوێ ؟
ئەی گوندەکەمان بەکێ ئەسپێرن ؟
بڕیار، بڕیار سەرەوژوورە.
ــ کوڕەکەم ئەی بیرێ لە ئێمە ناکەنەوە ؟
ــ دایەگیان دوژمن هیچ لەتۆ ناکات.
ــ ئاخر رۆڵە، دوژمن ئامانی نیە، پیر و لاو و بێ چەك و چەکداری کورد لای ئەو هەر یەك نرخی هەیە.
با بێ، باران، هەر لە بەفر کەم ئەبێتەوە.
ــ مامۆستا، کەی قوتابخانە ئەکرێتەوە ؟
ــ گوڵەکەم بڕۆ لە شار بخوێنە.
ــ ئاخر مامۆستا، ئەو سروودانەی تۆ فێرتکردوین، دەڵێن لە شار قەدەغەیە.
بڕۆن، بڕۆن پێ هەڵگرن...
ئەم بارانە نەفرەتیەش وازناهێنێ...
رۆژێ رێکردن، دە رۆژ رێکردن،
مانگێ رێکردن...
سەدان جار هەوراز ببڕەو بەرەوخوار شۆڕبەرەوە،
ماتە، مات،
لە تفەنگەکەی خۆشت بترسە،

**شیرازەی هەموو شت پچڕاوە، بیرەکان لە یەك پنتا چڕبوونەتەوە، ئەویش**
**منەی کورت ترین ڕێگایە بەرەو باکور...**
**یەك و دوو، سێ و چوار و پێنج، هەمووان هەر بەڕێوە بووین !**
**کە سەردەکەوتینە سەر چیایەك و ئاوڕمان بۆ دوای خۆمان دەدایەوە...**
**هەر گوندە و دوکەڵی ڕەش دایپۆشیوە،**
**هەر کێزرەی دەوەنە و گڕ لە باڵای بەربووە.**
**کە گەشتینە باکور... باشوورمان بە ڕەشداگەڕاوی بەجێهێشت.**

**مینە**
**لەندەن**/1989

# سیزیف

لەندەن 2002/03/07

هەموو ساڵێ....

لەم کاتەدا،

لەم شەوە ئەنگوستە چاوەدا

مۆمی تەمەن،

پەروانە ئاسا..

گڕ لە باڵای خۆی بەرئەدا.

هەموو ساڵێ...

لە ئازارا

لە دەمەدەمی بەهارا

لەگەڵ شکۆفەی درەخت و دارا

گەڵایەکی سەوزی تەمەن،

وەیشوومەی خەزان ئەیبا.

ئەوا ئێستاش

پەنجا ساڵە...

ئەم (سیزیفە) کۆڵبەکۆڵە

بە کۆڵێ خۆزگە و هیواوە

رووە و هەوراز هەنگاو ئەنێ

شەکەت نابێ،
ماندوو نابێ، هەنگاوئەنێ.
لوتکەی بە چاوان نەدیوە...
گەرچی هەموو ڕۆژێ،
بەرەو سەدان نشێویی ڕۆئەچێ
کەچی هێشتا شەکەت نابێ و
هەنگاوئەنێ...

پەنجا ساڵە...
هەگبەی ژیانێکی پڕتەنیایی
بەدوای خۆیا بەکێشئەکا
ئەو تەنیایە و...
سەیرە، تەنیایش بێ ئەم هەڵناکا.

پەنجا ساڵە...
شەپۆلە سەرشێتەکان
لە گێژاوی ئۆقیانوسی ئەم ژینەدا
گەمێی حەز و خەونەکانی
ئەهێنێ و ئەبا
کەچی هێشتا بێزارنابێ و

هەنگاوئەنێ.
پەنجا ساڵە...
سواڵە، سواڵە
مەلۆ، مەلۆ
شارا، شارا
تارمی خەرمانی عەشق ئەبەستێ
کەچی هەرگیز.. بە داوێکی
بسکی کچی خۆر ناگا.
ئەی کچی خۆر چاوەڕێتم...
پەنجا ساڵە،
لەم بەندەری پڕ چاوەڕوانیەدا
چاوەڕێتم تیشکت هەڵکا،
چاوەڕێتم تینت لێمبا.
پەنجا ساڵە،
چاوەڕوانیت، هەموو رۆژێ
دەیان خانەی لەشم ئەکوژێ
هەر نەهاتی...هەر نەهاتی،
نە بەسەروەختی ئازار و
نە بۆ پرسەی مەرگی
خانەکانی ئەم جەستە زەبوونەی من

هەر نەهاتی...تۆ نەهاتی.
دایکیشم مرد..
هەواڵی مەرگی ئەویشم پێڕانەگەیاندی
ترسام، نەبا تاڵێکی تیشکت هەڵوەرێ و
سەرباری ئەم پەژارەیەی دەروونی خۆم
تاوانێکی وەها گەورەش لە ئەستۆ بنێم
ئەی کچی خۆر
پەنجا ساڵە...
چاوەڕوانی بارانێکم
فرمێسکی چاوی تەنیایم بشواتەوە
چاوەڕوانی تین و تاوی هەتاوێکم
شەختە و بەستەڵەکی ئەم ژیانەم بکاتەوە
پەنجا ساڵە،
بەفرمانی خواوەندی زۆر
ئەم سیزیفە کۆڵبەکۆڵە
بە کۆڵێ خۆزگە و هیواوە
بەرەو لوتکە هەنگاوئەنێ
شەکەت نابێ , ماندونابێ
هەنگاوئەنێ،
هەنگاوئەنێ.

# هاڕەی هەست

لەندەن ⁄ 1995

کە جێمهێشتی...
وەکو هیوام بە پێوە بووی،
هەرچەند ( کانی چکچکە )ی چاوەکانت
فرمێسکی سۆزیان لێئەتکا
(باسەڕە)ی دەروونیشت
بەو گەرمەسێری هاوینە..قوڵپی ئەدا
کەچی هێشتا..
خۆڕاگر و راوەستاو و بەپێوە بووی.
دوانیگار و تابلۆی نێو باخەڵی
دوێنێی دە ساڵ لەمەوبەرم
شارم پۆشتە و
دەشت و دۆڵی تەڕ و پاراو
شاخی سەرکەش...
ئەویش وەك تۆ بە پێوە بوو.
بۆ تەوافی کەعبەی دڵم
کە کاروانی حەز و خۆزگەم گەڕایەوە
منی تامەزرۆی..
بینینەوەی ئەو نیگار و تابلۆیانە

کە بینیم...
بەردەرگام چۆڵ
بەرهەیوان چۆڵ..
ئیدی زانیم
چاوەڕوانی گۆدی کردووی
لە پێی خستووی.
ئەوا ئێستاش چوار ئێسقانی و
لەنێو پێخەفی ئازارا گینگڵ ئەدەی
گینگڵ ئەدەیت و
ژانی تەمەنی دایکایەتیت ئەبژێریەوە.
هۆ مەلەوانی شەکەت
پەلەقاژەی گەیشتنتە
بۆ بەندەری پڕ ئارام و ئاسوودەیی...
کەچی چەرپایەکەت گەمێیەکی لاسارە و
بەرەو رۆخی مەرگ ئەتبا.
خۆرەتاوی شارەکەشم
وەکو جەستەی ساردوسڕی دایکم وابوو.
هاوڕێکانم سەر و ریشیان سپی بوو بوو
کۆڵان برسی،
گەڕەك برسی،

شەقام برسی،
تانجەرۆی خەمم تینوو بوو.

تابلۆکانی یادگارم
وەکو دیدی ئێستاکەی ئەو
لە چوارچێوە یاخی بوون و
ڕەنگەکانیان هەڕاج ئەکرد.
هەنگوینی شانەی ژیان،
وەکو چێژی ئێستاکەی ناو دەمی
تفت و تاڵ بوو.

هۆ جوامێری..
پێرێی شیعر و دوێنێی شاخ و ئەمڕۆی سیاسەت
ئێستا لەوێ...
خەنەبەندانی خوێنە و
برا لە زەماوەندی مەرگی برای خۆیا هەڵئەپەڕێ
پردی سەر چۆمی خۆزگەت
جەمسەرەکانی، یەك، یەکتری سەرئەبڕێ.
قوببەی شینی قەزوانی
سەر گومەزی سەیوانەکەت

تاسکلاوی قوڕێکی خەست لەسەر ئەنێ .
منارەی هەر مزگەوتێ
رۆژی دەیان کراسی دروشمی رەش لەبەرئەکا و
پرسە لەدوای پرسە ئەگرێ.
ئێستا لەوێ...
ئەسپی سەرشێت و جڵەوکێشی ئەم چەرخە
کۆتەڵەکەی مامەیارەی
ناوەتە نێو کۆڵی خۆیی و
ریشی سەدان پیرەمێردی
کردۆتە پەلۆشەی شەوەڕاو
لە شەوێکا، بیستوحەوت جار
ماسی رۆحی بێکەس ئەگرێ،
بیستوحەوت جار..
لەبەردەمی کۆشکی رەشا
بۆ (ئەدمۆنس )ی شەڕ بەچۆکادێ.
رۆژێ بۆ ئاخون دادێ
رۆژێکی دی بۆ سوڵتان و
بیستوحەوت جار
بۆ جەجاڵ و وشترەکەی
بۆ پشقل و بۆ خورماکەی...بە چۆکادێ

ئێستا لەوێ...

بەرِو قەدی خۆی ئەبڕێتەوە و

رەگ و ریشەی لە بنجەوە هەڵئەکێشێ

مەلی هیوات...

باڵەکانی لە گەردنی ئالاّوە و

لرخە، لرخ، واخەریکە ئەیتاسێنێ.

دوو رووباری یەك رۆخانە

دەستیان ناوەتە بینی یەك،

هەر یەکەیان..

بەپێی رەوت و رەو و رێچکە و ئارەزوویان

واخەریکن رۆخانەکەش ئەخنکێنن.

هۆ جوامێری...

دوێنێی شاخ و ئەمڕۆی سیاسەت

من دەترسێم..

(خانی) ش لە گۆڕەکەی هەستێتەوە

رێ لە کاروانی نان و ئاوی...

حوجرە و خانەقاکەی (مەحوی) بگرێ.

من دەترسێم..

نالی ئەگەر بهێننەوە..

خاكوخۆڵی بەتورەكە ببێژنەوە.
من دەترسێم...
(كاوێس ئاغا) جارێكی دی
لاوك بۆ نەوەی (ئەحمەدی كاكی ) نەبێژێ.
بڕوابكە ئەی جوامێری ئەمڕۆی سیاسەت
من دەترسێم...
تەمەنی شەڕم هێند درێژبێ
ریشی (حاجی) ببینم بەدەستی (پیرەمێرد )ەوە
كڵاوەكەی (شێخ رەزا )ش
بەدەم كەوشەك و شەقێنی (حەسەن كەنۆش)ەوە.
ئەوكاتە مەگەر مەولانام
بەرانێكی دی بنێرێتەوە
تا ئەم جەنگەڵی ئاگرە
لە چاڵی جەرگی ئیبراهیم خەلیلا بكوژێتەوە.
بێدەنگی تۆش
وەكو بۆمبێ
لە ناخەوە بتەقێتەوە.
ئەی بەرانەكەی مەولانام كەی دێیتەوە..؟
هاوڕێم جوامێر..
ئەی تۆ كەی ئەتەقیتەوە..؟؟

# بەهاری دواقۆناغی تەمەن

1992/09/15 لەندەن

دوێ شەو ویستم،
بژاری مووی سپی،
لە روخسار و رووی خۆم بکەم...
تا سیما و بیری گەنجێتی
لەم ئاستەدا بووەستێنم...
تاکو لە نیشانە و مۆرکی
دواقۆناغی تەمەن هەڵبێم.

چاوم لێبوو...
هەر کە مووکێشم برد
بۆ یەکەم مووی سپی روو،
موو وەکو ئەسپێکی شێ بێ و
لەبەردەمی ئەژدیهایەکی دووسەرا راستبێتەوە،
ئاوا لە مووکێش راپەڕی...

ووتی: نەکەی،
ئێستاکە بەهاری منە و
وەرزی خەزانی مووی سیاە.

کوڕە نەکەی...
ئەوا منیشت دەرکێشا...
ئەی نازانی بۆ بەیانی،
سەدانی دی سەردەردەکا..؟
ئەی نازانی..؟
گەردەلوول و کڕێوەی من،
لە ئێستاوە تا دواچرکەی تەمەنی تۆ،
لە باپێچی سەر و ریشتا،
هەر دائەکا، هەر دائەکا...؟؟

# کۆڕەو

لەندەن/1992

وا ئێلجارە...
خێڵ بە خێڵ و هۆبە، هۆبە ئاگادارکەن.
ڕەشماڵ، ڕەشماڵ
کوچە و کۆڵان،
گەڕەك و شار ئاگادارکەن.
بنەوبارگەی کۆچ ببەستن
ڕووەو کوێستان بەڕێکەون.

- هێشتا زووە و بەهار تەڕە،
بۆ ئەم کۆچی سەرەوژوورە واڕێئەخرێ..؟

-کێ ئازایە
کێ وورپایە
کێ کارامە و لێهاتووە
سەری دەرکا و ماڵ جێبێڵێ.

- کوڕم نەمووت..
چەند ڕۆژێکە..
بنپێی قاچی چەپم ئەخورێ..
خەونەکانم نایەنەدی و
لە ئاڵۆزی و جەنجاڵیا لەبارئەچێ
چاوم ئەفڕێ، چاوم ئەفڕێ.

- لە ناوەختا...
لە تەنگی بانگی شێوانا
مریشکە کونجەی دوابڕاو
پەپووئاسا، بانگی هەڵدا
سەرییبڕن..
با خوێنەکەی قەزاوەگێڕی سەرتان بێ
سەرییبڕن.. چرکەی بچنن
با سەری خۆی خوات و
سەری ئێوە سەلامەت بێ.
وا ئێڵجارە...
ئەوەی بە زمانی دایکی دوواوە
ئەوەی دووگوێی لەم خاکەدا روواوە

**ئەوەی کەم تا زۆری مێژووی بنیاتناوە**
**ئەوەی چارەنووسی بەم وولاتەوە بەستراوە**
**با رێکەوێ...**
**سەری دەرکا و ماڵ جێبێڵێ.**
**بێ باڵ... باڵدار**
**بێ ماڵ... ماڵدار**
**بێ دەست... دەستدار**
**دولبەر... دڵدار**
**گەدا و شالیار با رێکەوێ.**
**مێژووی خۆتان وەك شەهیدێ**
**بە ئامانەت خاکنێژبکەن،**
**یادگاری تاڵ و شیرین لە یاد نەکەن .**

**بڕۆن رێکەن...**
**وا هەوری رەش لە دواوەیە.. ئەگرمێنێ**
**وا گورگی رەش لە دواوەیە.. ئەلورێنێ**
**ئەوەی لە کاروان دواکەوێ.. جێدەمێنێ**
**بە تەنیا خۆی...**
**لە ژیانی رابردووی و داهاتووشی رادەمێنێ**
**بڕۆن رێکەن... پێهەڵگرن.**

دەڵێن: کەرکوك بە ئاگر و
سلێمانی بە رەشەبا کاول ئەبێ..
پیرە قەڵای هەولێرە کۆن
داوێنی خۆی ئەخواتەوە و
هەرچوار دەرگای خواکانی زووی.. خڕ دائەخا
وا کەرکوکم کاول دەبێ و
کەچی هێشتا بابەگوڕگوڕ لە خەودایە.
سلێمانی خوار و ژووری وێران بووە و
کەچی گۆیژەم، هێشتا سیپەی رەشەبایە،
وا پێدەشتی هەولێریشم بەڕێوەیە و
قەڵای دێرین بەدوای خۆیا بەکێشئەکا
کەچی هێشتا مەلای گچکە،
لەبەر دەروازەی مەزنا
چاوەڕێیە، خاوەنشکۆی عەرشی بەغدا قودوم بکا.
پێهەڵگرن.. بەڕێکەون...
ئەم ئازارە، پیاوی دەوێ بەرگەی بگرێ
ئەم ئازارە، جەرگی دەوێ بۆی هەڵقرچێ.
بەیانی بوو..
تازە ئاسۆ لێوی کەلی سوور کردبوو

پۆل، پۆل برسی

پۆل، پۆل تینوو

پۆل، پۆل شەکەت

پۆل، پۆل ماندوو

لە چیاوە رووەو داوێن شۆڕبوونەوە و

چاوی شاریان لێبزربوو.

بەیانی بوو..

حەبسەخانی نەقیبزادەم

رووەو دەربەند ملەقوتێ و

بۆ هەواڵێ گوێ قوڵاغ بوو

هەواڵ، هەواڵ، شێخم گلا

حەمە نێرگەلە خۆی و

ئەسپەکوێتی پێدەرکرا.

بەیانی بوو..

هێشتا تەرمەکەی پێشەوا

لە چوارچرا وەك مۆم ئەگڕا

کوڕگەلی جامانە سوورم،

وەك نێچیری دەم گورگ بەربوو،

لە ئاراسەوە ئاوابوو.

بەیانی بوو..

**تازە سالم**

**چامەی غوربەت و**

**سۆزی دەروونی نالی پێگەشتبوو ,**

**عەنبەرخاتوون...**

**ماڵئاوایی لە ژیان و شیعری مەولەوی کردبوو.**

**بەیانی بوو..**

**تایەر بەگی جافم**

**پەنجەی پێنووسی شکابوو**

**ئەحمەد موختار**

**لە پرسەی هەڵەبجە و**

**شەهیدانی لێو رەشهەڵگەڕاودا دانیشتبوو.**

**کوردستانی بەقەقنەزبوو...**

**لە پووشپەڕی بەهاری زەردیا هەڵنیشتبوو،**

**مەمکی بادینانی بڕابوو،**

**چاوی بالیسان و شانەخسێی کوێرکرابوو،**

**پرچی کچی گوندەکانی هەڵپاچرابوو.**

**بەیانی بوو..لە گەرمیانا**

**پۆلە هەڵۆ، پۆلە تەوار راوکرابوو...**

داوبازەکان..
تاك، تاك هەڵۆ
داوبازەکان..
تاك، تاك تەوار
داوبازەکان..
تاك، تاك بێچوو
بۆ هەواڵی...
پۆلە دایك
پۆلە باوك
پۆلە خوشك و پۆلە برا
تا بەهاری بەر لە کۆچم
لە منەی بێهودەدا بوو.

بڕۆن ڕێکەن..
بناوانی ئەم ئازارە گەلــێ دوورە.

هۆ لالۆ گیان
ساڵەهایە تۆ بێدەنگی و
غەمەکانت ئەتخواتەوە..
ساڵەهایە...

**لەبەر بەڕۆچکەی مزگەوتا هەڵتروشکاو**

**ئەو نەگۆڕ و**

**تۆش مێخێکی داکوتراو.**

**ساڵەهایە تۆ بێدەنگی**

**وەك شەوانی ژێر چوخمەکەی سابونکەران**

**وەك سەرچاوەی سەربەهەشی کانیئاسکان**

**وەك گەڕەکی ڕەحیماوا**

**وەك ئۆغژنی پردی دەلال**

**وەك تەیراوا.**

**تۆ بێدەنگی و**

**دەنگیش لە تۆ لەدایك بوو.**

**لەو شەوەشدا هەر بێدەنگ بووی**

**لاشەی ئەنجنکراوی رۆڵەکەتیان**

**بۆ کردیتە دیاری نەورۆز و**

**تۆ بێدەنگ بووی.**

**دەنکی تەزبێح، وویردی زمان**

**دەستەونزا، دووعاگۆ بووی**

**سەرت بەرزبوو رووەو ئاسمان**

**تا رێنەدەی جلەو شل بێ**

**بۆ فرمێسکی قەتیسماوی نێو چاوان .**

ئەوا ئەمڕۆش، بەبێ هەستی
ڕێبواری ناو کاروانی کۆچێکی ناوەختی.

کلکی ئەسپەکەتیان بڕی و
تۆ بێدەنگ بووی.
ئاگریان دەنا بە خەرمانی
ماندوو بوون و ڕەنجی چەند ساڵەتەوە و
تۆ بێدەنگ بووی.
ئەو کێزرەیەی ساباتی حەسانەوەی باپیرەت بوو
لە ریشەوە هەڵیانکێشا و تۆ بێدەنگ بووی.
ئەو کانیەی لە ڕۆژی هەڵقوڵانیەوە
چاوگەی شکاندنی تینوێتیت بوو
ئاوەکەیان دزی و
چاوەکانیان کوێرکردەوە و تۆ بێدەنگ بووی.
ئەوەی دڵی خوا و فریشتەکانی ئەڕەنجان
بە تۆیانکرد و تۆ بێدەنگ بووی.
ئەوەی کتێبە ئاسمانیەکان نەهییان لێکردووە
بەسەر تۆیان هێنا و تۆ بێدەنگ بووی.

باوك و برا و خوشكت كوژرا

تۆ نەگریای.

گوندی بنار و پێدەشت و لوتكەیان وێرانكردی

تۆ نەگریای.

خانمان و كیژۆڵەی شۆخ و شەنگیان هەڕاجكردی

تۆ نەگریای.

كەچی ئەمڕۆ...

سەرقافڵەچی كاروانی گریانێكی بەكوڵی

دەبگری لالۆ بگری

بگری...

هەتا گیانی نوستووی شێخ بەئاگادێ

بگری...

هەتا لاشەی پەژموردەی پێشەوا

گولاڵە سوورەی لێ ئەڕوێ.

بگری..

هەتا گۆلی وانم یاخی ئەبێ و

چاوی ڕەشی قامیشلیم ئەپشكوێ

دەبگری لالۆ بگری

بگری هەتا هەنگاوەكانت

شوێنپێی هەنگاوەكانی خۆت هەڵئەگرێ

# خەونێکی تەمەن شەڕ

لەندەن/ 1992

منالّ بووم..
شەوانە، جار، جار
بەدەم خەونی خۆش، خۆشەوە
گوڵئەستێرەی زەردەخەنە..
لەسەر لێوم ئەنیشتەوە،
ئامۆژگاری دایکم وابوو
کە خەونە ناخۆشەکانم..
لەسەر ئاوی کارێزەکە بگێڕمەوە.

بەڵام دایە....
من ئەمڕۆکە، کە گەورەبووم..
نازانم ئەم خەونە تەمەن شەڕەی سەرم
بۆ ئاوی کام دەریالوشێ، بگێڕمەوە..؟

بەسرپێرێ لە خەونمدا
سەرم عەگالی بەستبوو

قەعقاعی کوێخای هێنابوو
فێری ئەکرد...
چۆن بە تەورداسی پەنجەکانی دەستم
گوڵی پەنجەکانی قاچم ببڕنەوە.

پێرێ شەویش لە خەونمدا
سەر ئاغا بوو...
بە عەجەمی تێمیئەخوڕی و
بە هەڵمەتی پەنجەکانی دەستەکەی دیم
کەللەسەری پەنجەکانی...
قاچی چەپ و راستمیان قرتان
تاڵە دەوڵەتەکەی قاجارا
بیکەنە نهۆمێکی دی
لەسەر کۆشکەکەی حەمەخان.

هەر دوێ شەو بوو، لە خەونمدا
سەرم سەد پەڵی دا بە پشتی مێژوودا
لەژێر جبە و عەمامەکەی مەلای خەتێدا
خوێنی پەنجە قرتاوەکانی دەست و قاچمیان
دەکردە خەنەبەندانی

رازی بوونی دڵی سوڵتان.

بەڵێ دایە...
بەسرپێرێ ئەوخەونەی من
هەر خورپە بوو،
پێرێ خورپە بوو بە کسپە
دوێنێ جەرگم پێی هەڵقرچا....
بۆیە، ئیدی من وابەستەی شیعر نابم
ئەم شەو دەبمە وێنەکێشێکی سریالی و
سەرم لەسەر پەیکەری لەشم دادەگرم
هەموو پەنجە قرتاوەکانی مێژووی خۆم
لە بینایی چاوەکانی ئەچەقێنم
تا تێبگات...
پەنجەکانی دەست و قاچم
ئەگەر هاتوو شەهیدیش بن
هەر دەتوانن
گلێنەی چاوی نابینا هەڵبکۆڵن.

لە زریکە و هەنسکی منداڵی هەتیوو
لەناڵەی دایکانی جەرگ و دڵ بڕاو

**له قیژەی براڕۆی خوشکانی برا کوژراو**
**له گریه و شیوەنی ژنانی سەرلێشێواو**
**بۆمبی هاوار بە گوێکانیا دەتەقێنم**
**تا تێبگا...**
**هاوار شۆرش بەرپائەکا.**
**بۆ لوتیشی...**
**بۆنی خوێنی بەفیڕۆچووی**
**کرمانجی دەستی راست و**
**موکریانی دەستی چەپ و**
**سۆران و بابانی قاچەکان**
**دەکەمە میسکی رەشپۆشی**
**یادگاری مێژوویەکی پڕ لە گریان.**

**بۆ دەمیشی...**
**دڵۆپ، دڵۆپ...**
**له بارانی فرمێسکی سوێری رژاوی**
**تەمەنی شەڕ و پیاهەڵکژان**
**دەکەمە شەتاوی زێی گچکە و گۆلی وان**
**دەیرێژمە گەرووی ووشکی**
**زوحاك و مارەکانی شان.**

لەدواجارا , ئەی دایە گیان
دەنگی شەیپووری گوێکەڕی جەنگی نێوان
لەشکری دڵ و ئەوەز و هۆش و ویژدان
لە خەونی ناخۆش و ئاڵۆز رامیانپەڕان.
دڵم دەیویست..
جارێکی دی رێگا نەدا
سەرم لەسەر پەیکەری لەش سەرداری کا
بەڵام هۆش و ئەوەز دەیووت :
سەر هەر سەرە...
ئەگەر بێت و چاوەکانی
تیشکی ئاسۆ لەسەر گیانم پەرش بکا
سەر هەر سەرە...
ئەگەر بێت و گوێچکەکانی
دەنگ و ترپەی دڵ ببیستێ و
بە گوێی حەز و خۆزگەم بکا
سەر هەر سەرە...
ئەگەر بێت و لوتی بۆنی
رەنج و ماندووبوونم بکا
دەمی چێژی...

تالاۆی ژینی تاڵم کا.

سەر هەر سەرە و

تاجی سەروەری لەسەرە.

# کۆترە شەلەکە

لەندەن/ 1990

نیگارت چەند حەزین و پڕ ماتەمە
کە دەتبینم...
قونەت شێواو
لەنجەت گۆڕاو
پەڕوباڵت هەموو ژاکاو.

ئەی باڵندە بچکۆلەکە
ئەی هاوڕێی تەنیایی ژوورەکەم
چ ڕێکەوتێ ئەنگاوتەت بوو
چ بەڵایەك لەنگی کردی.
بۆ وا قاچێکت هەڵناوە و
کەچی هێشتا منەی چینەکردنتە ؟؟
وەرە مەڕۆ...
توخوا مەڕۆ..
تەنیا ئەودیوی پەنجەرەی ژوورەکەم ئاوەدانە
چۆڵی مەکە و جێممەهێڵە.
وەرە ئەم دڵە پڕ لە ئازارەت
بۆ ئەکەمە نیشتمان و تیاهەڵنیشە.

وەرە مەڕۆ...
منیش تەنیام
منیش ئەنگاوتەی ئازارم
بۆ کوێ ئەچی ؟؟
بۆ جێمدێڵی ؟؟
خۆ تۆ من نیت، دوورە نیشتمان بیت،
خۆ تۆ من نیت، بێ دەست و قاچ و باڵ بیت...
تۆی باڵندە...
لە کوێ بژیت،
لەکوێ بمریت... نیشتمانتە.
لە هەر جێیەك کە هەڵنیشتی، ئەوێ ماڵ و وەتەنتە.
وەرە مەڕۆ و باسی نیشتمانی خۆتم بۆبکە؛
باسی نێوپەلی ئەو دارەی،
کە دایکت هێلانەی تیاکرد
باسی ئەو چەچەهەوایەی،
بۆ یەکەم جار لە ئاسمانا
کە هەستت بە ئازادی کرد.

بۆ وا کزۆڵە هەڵنیشتی ؟؟
ووتەکانم زیزی کردی..؟

**وەرە مەڕۆ و زیزمەبە لێم**
**من ئازار بە ژانەکانی تۆشەوە ئەچێژم.**

**خۆزگەم بەخۆت، نیشتمانت بێ سنوورە،**
**خۆزگەم بەخۆت، گمەگمت زمانێکی مەشهوورە؛**
**خۆزگەم بەخۆت،**
**رەش و سپیت،**
**لە جیاوازی و چینایەتی بەدوورە.**
**تۆی باڵندە**
**تەنیا چاوبرسی ئەو پرزۆڵە گۆشتەت راوت ئەکات.**
**منی مرۆڤ ...**
**چاوبرسی خاك، راوم ئەکات**
**چاوبرسی سامانی ژێرزەمینی وولاتەکەم، راوم ئەکات**
**چاوبرسی ماف و گیانم راوم ئەکات**
**دەستی راستم، دەستی چەپم راوئەکات**
**قاچی چەپم، قاچی راستم راوئەکات**
**سەرم ... لەشم**
**چاوم ... دەمم**
**لچم ... لێوم**
**ناوەکەشم، تەمەنم راوئەکات**

**من هەموو ڕۆژ**

**خۆم کەسایەتیم ڕاوئەکات.**

**خۆزگەم بەخۆت**

**بۆ کوێ ئەچی ئارەزووتە**

**لە کوێ بژی**

**لە کوێ بمری**

**ئەوێ وولاَت و وەتەنتە.**

**خۆ تۆ من نیت...**

**قاچت نەبێ سنوور ببڕی**

**باڵت نەبێ، بە ئاسمانی سەربەستیدا**

**جیهان تەیکەیت ...**

**لە بەرزەوە**

**گاڵتە بە بەربەست و سنووری دەستکردکەیت.**

**خۆ تۆ من نیت ...**

**قژی ڕەشت گەواهی بێت،**

**کە ئاوارەی...**

**کە بێگانەی...**

**کە بێ وولاَت و بێ لانەی.**

# ژیلەی هەڵچوونی مەرگ

ئێران/سەقز 1988

ئەی خانمە غەمبارەکەم
ملت مەنێ بەلارەوە
سیمات تابلۆی وڵاتێکە
شەهیدکرا.
روخسار مێژووی میللەتێکە
بە ئاوەژوویی چاپکرا.

ملت مەنێ بەلارەوە و کەچی مەکە.

تۆ شاژنی نیشتمانی سەربڕاوی
تۆ شاگوڵی باخچەیەکی پەژموردەیت و
بە (سیانید) ئاودراوی.
ئەی خانمە غەمبارەکەم
ملت مەنێ بەلارەوە..

به ناخما شۆڕبوویتەوە ...
لەگەڵ نیگای ئاگراویت
خەمی هەموو تەمەنی خۆم
لە پێکێکی چاوەکانتا ئەخۆمەوە.
لەبەردەمی چادرێکا،
بە کەساسی دۆشداماوی.
کۆرپە وونبووی بێ باوك وبرا کوژراو
بزەی دوێنێی سەربەستیت و
کلۆڵی ئەمڕۆی ئۆردوگات،
لە پریاسکەی دوا چارەکەی
سەدەی بیستا گرێداوە.

ملت مەنێ بەلارەوە و کەچی مەکە.

ئاژانسەکان...
هەواڵی شەهیدبوونی تۆیان گەیان
نەیانتوانی...
سەری ڕێزی بێدەنگیان دانەوێنن.
نەیانتوانی...
قردێلەی رەشی ماتەمت بۆ ببەستن.

نەیانتوانی..

تەنیا ساتێ

پڕوپاگاندەی ئابووری بووەستێنن.

نەیانتوانی ..

بە یەك دەنگ و لەیەك کاتا،

نەفرەت لە تەکنیك و بەرەی مرۆڤ کوژکەن.

نەیانتوانی ...

بەربەستی هەنسکی کۆرپەی بێ دایك کەن.

نەیانتوانی ...

تاوانباری تاوانەکان ئاماژەکەن.

ئەی خانمەکەم ... نەیانتوانی.

ملت مەنێ بەلارەوە و کەچی مەکە.

نیگات نەفرەت دەبارێنێ..

نەفرەت لە کێ..؟

لەو مێردەزمەیەی وایپێکردی ؟

یا لەو (لۆفوافەیەی)وایلێکردی ؟

نەفرەت لە کێ...؟

لەو پەیکەرتاشە قێزەونانەی
ئەڵقەی زریەی ملوانکەکەی
لە گەردنی کەچکردووتا نەخشاندووە...؟

نەفرەت لە کێ..؟
لەو مرۆڤە چەپەڵانەی
بازنەی مەچەکتیان رەوانەوە ؟
نەفرەت لە کێ...؟
لەوەی خۆزگە و حەزی بردیت ؟
لەوەی هێشتا نەمردبوویت
بە زیندوێتی داوای کەمێ ئاوت لێکرد
گوێچکەکانتی داتلێشاند،
گوارەکانی بوکێنیتی لێدزیت..؟

نەفرەت لە کێ...؟
لەو مێردەزمەیەی وایپێکردی ؟
یا لەو لۆفوافەیەی وایلێکردی ؟

کوانێ مووسا...؟
بەسەرهاتی شەهیدبوونت

لە هەزار و یەك ووشەدا
لە کێوی (توور) بۆ خوا باسکات.

کوانێ عیسا..؟
بۆ گشت گوندێکی وێرانە
دارودەوەنە سوتاوەکان
کانیە ووشك کراوەکان
خاچ لەدوای خاچ
لەسەر دڵی خاچەکەی خۆی
خاچێکی دیش بۆ تۆ بکات.

کوانێ ئەیووب..؟
سەرباری خۆی،
پەژارەی تۆش
لە دەروونیا حەشاربدات.

کوا محەمەدی عەرەبی ..؟
نوێژی شەهید،
لەسەر تەرمی رەشهەڵگەڕاوی
دە هەزار قوربانی بکات.

کوانێ عەلی...؟
زوڵفەقارەکەی وەرگێڕێ و
تف لە نەوەی تاوانکارکات.

کوا ئیفلاتوون...؟
پەڕە، پەڕەی کۆمارەکەی لە چاڵ بنێ و
دەوڵەتەکەی بەسەر خۆیا خاپووربکات.

کوا ماجەللان...؟
بەدوای هەڵەبجە وونبووەکانا بگەڕێ و
لە ئێسك و پروسکی شەهید
سنوورەکەی دیاری بکات.

ئەی خانمە غەمبارەکەم
کوا بەرەی ئازادیخواه..؟
لە نیگایەکی ماتی چاوەکانی تۆ بگات.

کوانێ تەورات
کوانێ زەبوور
کوانێ ئینجیل
کوا قورئانی دوا پێغەمبەر..؟

**چ داستانی نغرۆبوونێ**
**هاورەگەزی والێئەکات...؟**

**کوانێ مارکس...؟**
**بنەمایەکی دی بۆ ئەم کۆمەڵگایە دانێ و**
**نەفرەت لە هاوبیری...**
**دەبەنگ و ترسنۆك و بوودەڵەکات.**

**کوا ماوسیتۆنگ..؟**
**جارێکی دی،**
**خەبات دژی تلیاك بکات.**

**ئەی نوستووەکان...**
**وا مرۆڤ و خاکوخۆڵی کوردستانم بۆتە لابۆر**
**بۆڕبۆڕێنی دواتەکنیکی چەکی نوێیە...**
**لە سینەمدا تەقیەوە و ئەمسوتێنێ .**

**ئەی نوستووەکان...**
**دوا چارەکەی سەدەی بیستە و**
**کاولکاری وولاتەکەم پێجێدێڵێ...**
**هەتاکو کەی... بێدەنگ ئەبن ؟**

هەتاکو کەی...
ویژدان سڕبووی بەرژەوەندین ؟
هەتاکو کەی بۆ دۆلارێ
سەدان ڕاستی پێشێل ئەکەن..؟
کەڕوکاس و بێ زمانن
لە ئاستمدا فزە ناکەن...؟

ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاتە..
هەر چیایە و دەبێتە توور
کەچی هێشتا لە رازێکی مووسا ناگەن.

ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاتە...
هەر عیسایە و دەکرێتە خاچ
کەچی هێشتا لە هاواری مەریەم ناگەن.

ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاتە...
ئارام و ئۆغژن هەڵگیرا،
کەچی هێشتا لە صەبرێکی ئەیووب ناگەن.

ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاتە...
گشت بەردێکی بەردەنوێژە،

تاتەشۆرە،
کۆڕیچکەی سەربازی وونە،
کەچی هێشتا لە سۆزێکی جەرگم ناگەن،

ئەوا ئەمڕۆ لەم وولاتە...
گوندە و دەبێتە کەربەلا،
هەڵەبجە بە هیرۆشیما،
کەچی هێشتا لە عاشوورای دڵم ناگەن.

خاکم پارچە پارچە کرا
ماڵم بە زۆر زەوتکرا
کەچی هێشتا لەمافێکی رەوام ناگەن.

با دووژمنان باش بزانن
هەر دەوەنە و ئەبێ بە دار،
گوندە و دەبێتە شارۆچکە،
شارۆچکەیە و ئەبێ بە شار،
سروشتی سوورەچنارە،
هەڵیپاچن، گەشە ئەکا
لق و پۆپیشیکەن...

**ترۆپکی لە ئاسمان توندئەکا.**

**(لۆفوافە ) بن مەرگ بچێنن**

**با (هێتلەر ) بن زەرووی خوێن بن**

**گەر بتوانن...**

**کۆشك و تەلاری گشت گوندێ بڕوخێنن،**

**گەر بتوانن..**

**دار و دەوەن بسوتێنن،**

**لە ریشەوە دەریانبێنن.**

**خۆ ناتوانن...**

**قەندیل و ئاشداغ و رەشکۆ بڕمێنن**

**خۆ ناتوانن..**

**بیری بەرز و رەگەز و زمان و مێژووم لێبسێنن.**

# فەرهادی هەڵۆ

سەقز/پایزی 1988

**ئەوسای دێرین..**
**فەرهاد ، لەپێناوی عەشقی شیرین**
**کێوی بێستوونی ئەتاشی**
**بە قوڵنگ و سۆزی ئەوین؛**
**بەڵام، ئەمڕۆ فەرهادی کورد**
**فەرهادی ئەم نەتەوەیە**
**هەڵۆیەکی چنگ خوێناوی و بە هەڵپەیە**
**ئەو بۆ شیرین،**
**ئەم بۆ کورد و خاك و خۆڵی وڵاتی**
**ئەو بە قوڵنگ،**
**ئەم بە خوێن و بڕوای بەرزی خەباتی**
**سەنگەری لێئەدا لە چیا**
**بەجێی نەهێشت هەتا پێکرا**
**لەوساتەوە...**
**کە (بێترخێن)[1] فەرهادی لــێ شەهید کرا**

[1] کلکەی بێترخێن دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاخی کاروخەوە.

**بەنازەوە...**

**دێ و دەڕوانێ**

**بەسەر ترۆپکی (کاروخا)[2]**

**لەوساتەوە...**

**(گەروی مەنجەڵ)[3]**

**قوڵپ ئەدا لە زەماوەندی فەرهادا .**

---

[2] کاروخ، ئەو زنجیرە شاخەیە دە دەکەوێتە پشتی ناحیەی وەرتێوە.

[3] گەروی مەنجەڵ دەکەوێتە نێوان دوو لوتکەی شاخی کاروخەوە.

# سەروەری

سەقز/زستانی 1988

ووتم: مێژوو...
کە سەنگەرێ وێران ئەکرێ و
پێشمەرگەکەی شەهید ئەبێ
چی بەسەردێ ؟
ووتی: خۆری لێ هەڵدێت و
گوڵاڵەسوورەی تیا ئەڕوێ.

ئەی هەڵۆیەك، باڵی بشکێ و
لوتکەی چیا بەجێبێڵێ...؟؟
ووتی: بێچووەکەی باڵئەگرێ.

ئەی مرۆڤێکی تێکۆشەر..
خامە و بیر و هیواکانی،
کە مەرگ بواری لێ ئەبڕێ ؟
ووتی: کۆرپە و جگەرگۆشەی
لاپەڕەکانی مێژووە

**تا من مابم نەمردووە**

**شکۆ و بەرزی هەڵگرتووە**

**دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانیشی**

**هەر زیندووە.. هەر زیندووە .**

# گۆڕی دیلکراو

سەقز/بەهاری /1988

ڕۆڵە، ئەوسا کە منداڵ بووی
حەزم ئەکرد زوو گەورەبی
گۆچانی دەستی پیریم و
قەڵای توانا و ئەوەزم بی
بەڵام ئەمڕۆ... و..
لەو کاتەوە شەهیدکرای،
باڵام کەمەی گۆچانێکی لار و خوارە؛
قەڵا ڕما،
توانا بڕا،
ئەوەز نەما،
مەدالیای دایکی شەهیدان
بە بەرۆکی ڕەشما کرا .

پێشمەرگەیەکی ئازا و دوژمن بەزێن بووی،
کە پێت هەڵنووت و گلای،
دوژمن ترسێن بووی؛
بۆیە بە فرمانی جەللادەکان،
تەرمی خۆت و هاوڕێکانتیان

تا دوا تەمەنی چەپەڵی خۆیان
زیندانێکی تەلبەندی دڕکاوییان
بۆ کردن بە گۆڕ و گۆڕستان .
هەناو و بەندی جگەرم،
لەوساتەوە...
رۆحم کۆترێکی ماندووە،
لەسەر تەلبەندی گۆڕەکەت هەڵنیشتووە؛
لەوساتەوە، هەڵکورماوم،
ئەگمێنم...
رۆژێك ئەبێ تەلی یاساغی دڕکاوی،
لە چوار دەوری مەزارەکەت بپسێنم؛
رۆژێك ئەبێ وەکو مرۆڤ،
وەك پێشمەرگەیەکی شەهید،
لە گۆڕێکی تاك و تەنیا،
لەسەر لوتکەی چیایەکی پڕ ئازادی
بتلاوێنم؛
ئەم دەروونە پەنگخواردووەش،
وەکو بورکان ئەتەقێنم،
داروبەردی کوردستانیش،
لە دوا شینی مەرگی تۆدا ئەگرێنم.

# كە سەگرمە رووخا

ئێران/ سەقز 15/10/1988

ئێوارەیە و...
ئەم شارۆچکەی نامۆییە.. زۆر دڵتەنگە
ئێوارەیە و...
خۆرنشینی ئەم کیشوەرە.. زۆر بێدەنگە
ئەم شەو...
هامڕای تەنیایی دڵ
غەم و ئازار رامئەژەنێ
دەنگ لە گەرووم یاخی ئەبێ
چ پێنوسێ..
بەرگەی ژانی شیعرم ئەگرێ
رووبەری کام رۆژنامە
کێش و قەوارەی هەواڵێکی وا هەڵئەگرێ.
چاوم لێیە...
لە تەم و مژی ئەوبەرا
بنار بنکۆڵی شاخ ئەکا
هەناوی سەگرمە هەڵئەلەرزێ
بێ ئارامە دێت و دەچێ،

چاوم لێیه...
دەوەنەکان گەڵاکانیان هەڵئەوەرێ
لە نێو چۆم و بێشەکانا،
بەڕەزای شەنگ
سەر و پرچی خۆی ئەڕنێ.
چاوم لێیە.. ئەوا مێوڵی
داروپەردووی سوتاوی خۆی
لەسەر سەکۆی مزگەوتەکە هەڵئەچنێ
جارێکی دی و لە گڵکۆیەکی نوێدا
گڕ لە گیانی خۆی بەرئەدا.
چاوم لێیە...
لاشەی سوورت بەکێش ئەکەی
شەکەت نابی،
ماندوونابی،
کۆتەڵەکەی خۆت و سەگرمەت
ناوەتە نێو کۆڵی خۆت و
بن بەرد
بن بەرد
دەوەن دەوەن...
بەکێشی ئەکەی.

چاوم لێیه..
له دێلیژەوە، هەڵۆ و لاوێن
به توولەڕێیەکا دێن
بنچك
بنچك
پاڵ تاوێر و کەندڕەکان بۆت ئەگەڕێن
چاوم لێیه..
لەبەر دەمی سەگرمەدا به چۆکا دێن
ئەم شەو..
چاوم چاوگەیەکی بێ ئارامه
بشێ خواوەند...
گوێی له ترپەی دڵی من بێ ؟
ئەم گێتیه چەند بێ شەرمه
هەموو نووستوون
کێ ئەزانێ...
وا سەگرمه به رۆخی خۆیا رۆئەچێ ؟
کێ ئەزانێ..؟
ئەوا ئازاد..
له زەماوەندی مەرگی خۆیا هەڵئەپەڕێ.

# قۆچی قوربانی

سەقز/پایزی/1988

له خەوندا...
پەروەردگار، به ئیبراهیم فرمانی دا
بۆ قوربانی...
ئیسماعیلی جگەرگۆشەی، خەڵات بکا
بۆ بەیانی...
تیغی فرمان له گەردنی کۆرپه نرا
دەروونی  خوا هاته جۆش و
بەرانێکی له جێی دانا
بەڵام ئەمڕۆ له کوردستان
هەموو باوکێ ئیبراهیمه و
خەونیش نیه؛
دایکانیشمان هاجەرەیه و
سەردەمەکەی ئازەر نیه،
بۆ قۆچی قوربانی وڵات،
نەك ئیسماعیل،
گشت رۆڵەیەك قوربانیه.

# بەرداش

لەندەن/1989

لە ئاوی روبارێکی یاخی و خوڕیان پرسی..
لە رۆشتن و سەرهەڵگرتن و شەپۆلدانتا
بۆ تورەیت و سەرت ئەدەی بە تاوێر و تاشەبەردا ؟
ئاویش ووتی :
ئاخر دوێنێ جۆگەیەکیان لێ هەڵگرتم،
جۆگە مرد و لە زەویدا شوێنەواری بۆ جێهێشتم.

لە درەختێکی شۆخ و شەنگ و باڵا بەرزیان پرسی ..
بۆ پایزان قژت ئەڕنی و
فرمێسکی گەڵای زەرد هەڵئەڕێژی ؟
ووتی: جاران تەنیا زستان،
بەڵام ئەمڕۆ...
هاوینانیش لقەکانم ئەبڕنەوە
بەهارانیش...
بەرلەوەی بەخۆما بێمەوە
چڵ و پەل و گەڵا و گوڵم ئەکەنەوە،
منی رووەك...
بەو ژانەوە هەتا پایز ئەتلێمەوە.

بەڵێ بەڕێز

بەڵێ هاوڕێ و برای شەهید

تۆ من بوویت و

منیش تۆ بووم،

من لەمبەر و

تۆ لەوبەر بووی،

من لەمبەر و باش ئەمزانی

خانەخوێکەم، دێرزەمانە

چنگی چووە بە هەنا و جگەرتانا.

تۆش لەوبەر بوویت و دەتزانی

خانەخوێکەت نەك هەر چنگی

بە کەڵبەی پیس ئێسکی هاڕیم

یەکە، یەکە گوندەکانیان لە داردام

هۆبە، هۆبە خێڵ قڕان بوو

خوێنیان رشتم

لە عوکازی سەدەی بیستا

سەدان کیژۆڵەیان هەڕاجکردم

بەڵێ شەهید..

بەڵێ دۆست و برا و هاوڕێ

ئەڵقەی پەندێکمان کردە گوێ!
(دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە)
سیپەی ئەمڕۆی هەڵنگوتن و نەبەردمە.

سیپەکەی من بەرداشێکە و
سیپەکەی تۆش بەرداشێکە
دێرزەمانە ئاش ئەگێڕن
لەنێوانی دوو بەرداشا
لاشەی کوڕی کورد ئەهاڕن
تۆ من بوویت و
منیش تۆ بووم
بەڵێ برا، بەڵێ خەمخوار
خاکمان یەکە و
دوژمنمان چوار
خوێنمان یەکە و
خوێنڕێژمان چوار
مێژوو یەکە و
هاوبەشمان چوار
ماڵمان یەکە و
هاوماڵمان چوار

**خانەخوێ چوار.**

**خۆ من ئاو نیم**
**جۆگەیەکم لـێ هەڵگرن**
**تورەبم و سەرم بدەم**
**بە تاوێر و تاشە بەردا .**
**خۆ من دار نیم**
**گەر لقێکم ببڕنەوە**
**خەزان لێم بات**
**تۆ منیت و منیش تۆم**
**کە تۆیان  شەهیدکردم**
**منی شاعیر**
**چیم لە دەست دێ**
**جگە لە شیوەنی شیعر... ؟؟**

**لە چلەی ماتەمی شەهید عەبدالڕەحانی قاسملۆدا، لە لەندەن خوێنرایەوە.**

# پیرە هەڵۆ

ئێران/بەهاری 1988

هەر ئەهات و تارمایی بوو
ڕەنگی هەبوو، دەنگی نەبوو
دەروونی شار لە بێدەنگی بێزار بوو بوو

هێندێ ئەیووت:
تەم و دوکەڵی هەناسەی
دێوەزمەی زریانێکە.

هێندێ ئەیووت:
گەردەلولی خۆزگە و حەزی
بۆرە سواری سەبونێکە.

هێندێ ئەیووت:
سیمرغێکە و باڵی ڕەشی کردۆتەوە
هێندێ ئەیووت :
پەڵە هەورە و لە گەواڵە جیابۆتەوە.

ئەوانی دی دوای سەرنجدان
ووتیان: ئەگەر هەوربایە
لە ئاسمانی ئەم شارەدا
دەبووجارێ بباریایە!!...
هەر ئەهات و تارمایی بوو
ڕەنگی هەبوو، دەنگی نەبوو
هەر ئەهات و
لەگەڵ خەمی ئەم شارەدا
سایە و تەمەن درێژ ئەبوو...
تا ڕۆژئاوای ڕۆژێکی شووم،
ئاسمان هەمووی ڕەش داگەڕا،
تەنیا ئاستی تارمایەکە،
وەك مۆم لەنێو شەوەزەنگا.. بەدی ئەکرا...
گەورە و بچوکی ئەو شارە
بۆ ئاسمانی دەوروبەری.. چاوی گێڕا...
نە دوکەڵە،
نە سەبوون و گەردەلولە،
نە سیمرغە،
نە هەوری دوور لە گەواڵە ...
هەڵۆیەکە، پیر و چاو تیژ

باڵی هیوای بەسەر شارا کردۆتەوە؛
لە بەرزەوە،
لە ناخی خاك تێڕاماوە .
هەرچەند پیر بوو،
بەڵام هەڵۆی نێچیر گیر بوو.
کە سەگەکان حەپەیان کرد،
بەگژ دەمیانا چووەوە ...
تەمی سامی رەوانەوە
وورتە و چرپەی تەقانەوە
رەشایی بوو بە مۆتەکە و تەنیەوە
چاوی تیژ و باڵ و خۆزگەی چنییەوە
رۆحی بوو بە ئەستێرەیەکی پرشنگدار
قەڵای کۆڵنەدانی شاری بوژانەوە.

پێشکەشە بە گیانی ئەدیبی کورد
مامۆستا شاکر فەتاح

# نیگا

لەندەن / هاوینی ⁄ 1989

ئەی شۆخەژن..
ئەی ووشەی شیعرێکی شەرمن
کاتێ بەباڵاتا ئەڕوانم،
نیگام دەبێتە ماسییەکی گچکەی بزێو،
گۆمی دنیای ئارامی خۆی بزرئەکا و
لە بەندەری پڕ وەیشوومەی چاوەکانتا
لەنگەر ئەگرێ.
کاتێ بەباڵاتا ئەڕوانم..
حەز و خواستم دەبنە دوو پەپولەی نەوسن
بۆ سەر باخچە و لالەزاری سینەت ئەفڕن
لە گێلاسی گۆی مەمانت شیلە ئەمژن
ئەی شۆخەژن...
ئەی ووشەی شیعرێکی شەرمن.
کاتێ بەباڵاتا ئەڕوانم
خۆزگەم دەبێتە لاولاوێکی تازە خشۆك
لە کەڵەئەنگوستی پێتەوە

بۆ چڵەپۆپەی سەروی باڵات هەڵئەزنێم
تێتئەئاڵێم..
لە ناو خۆما دیلت ئەکەم
هێندە عەزرەتی دەتگوشم
هەتا گوڵی سوور دەرئەکەم.
بەڵام گیانە
بەو چاوانە
ئەو نیگا و حەز و خۆزگەیە
تاسەی مرۆڤی ساویلکەیە
ئاڵۆشی ئەم سەردەمە پڕ سێکسەیە
من شاعیرم ... من ئینسانم
لە رازت تێدەگەن چاوانم.
بەڵام بڕوابکە خانم،
لە دەریای وادا مەلە نازانم.
نیگام وێڵی چاوانێکە
سیحری خواکرد
جیهانی ئەندێشەم بهەژێنێ،
وێنەی دایکێکی میهرەبان
لە دیدمدا بنەخشێنێ.
پەپولەی حەزم نەوسنە

**نەك بۆ مەمانی دەستەمۆ**

**شل بن بە چەشنی جەوەنە**

**خۆزگەم کۆرپەیەکی برسییە**

**شیرەخۆرەی مەمانێکە**

**سرك و گۆشتن**

**تورت و خرپن**

**مەمۆڵەی کیژە کوردێکی شەرمن.**

# دوێنێ و ئەمڕۆ

قازانقایە ⁄ 1987

گەر دوێنێ بێ یاخود ئەمڕۆ
گڕ هەر گڕە، پشکۆش، پشکۆ
تروسکەبێ ئەوەی دوێنێ
با کڵپەش بێ ئەوەی ئەمڕۆ
هەر چیلکە و چەوێڵ و پرژە
سوتەمەرۆن بە تاك و کۆ.

گەر دوێنێ بێ یاخود ئەمڕۆ
باز هەر بازە، هەڵۆش هەڵۆ
دوێنێ تکەی خوێنی باڵیان
دەینەخشان ڕێچکەی من و تۆ
ئەمڕۆش زامی سەر سینەیان
بۆتە سەنگەر و پشت و کۆ.

گەر دوێنێ بێ یاخود ئەمڕۆ
راست هەر راستە، درۆش درۆ
بەڵێنی راستی دوێنێیان

بۆتە بڵقی ناو کاسەی دۆ
ئەمڕۆش هەمان درۆزنن
ئەی هاوار نەبن دەستخەڕۆ.

گەر دوێنێ بێ یاخود ئەمڕۆ
چاو هەر چاوە، برۆش برۆ
کوردستانم چاوانمە
بڕوای بەرزیشم وەك برۆ
رزگاری دەکاتە سێبەر
کوردایەتیش بۆ تان و پۆ.

گەر دوێنێ بێ یاخود ئەمڕۆ
شەو هەر شەوە، ئاسۆش ئاسۆ
خاك هەر خاکە، شاخ هەر شاخە
سەگرمە بێ یاخود ڕەشکۆ
بەستەی دەمی دایکانیشمان
دوێنێ و ئەمڕۆ
هەی ڕۆڵەڕۆ
هەی ڕۆڵەڕۆ...

# ئەوین

هەرگێنە 1986/1/1

**شەوێکی ئەنگوستەچاوە،**
**فەرهادێکی بێ شیرین و**
**ڕێبوارێکی لە کاروان جێماوە.**

**هەنگاو ترۆپکی چیایە،**
**کێزرەی[1] قەدپاڵ، ڕەش و چڕە؛**
**ڕێپێڵکە[2] لە خڕۆمە[3] بەردایە.**

**ئاسۆ دوور و بەیان دوورتر،**
**سواڵەی[4] هیوا و خۆزگەکانم،**
**پڕ لە کرۆشەی[5] جەرگ بڕ.**

**لە گیانەڵای ئەم شەوەدا،**

---

[1] .کێزرە / کۆمەڵە دەوەنێکی چڕ.

[2] . ڕێپێڵگە/ توولە ڕێ.

[3] . خڕۆمە بەرد/ بەردەڵان.

[4] . سواڵە/ ئەو برە گەنم و جۆیەیە کە سەپان لەکاتی دروێنەدا چنگی پیائەکات.

[5] . کرۆشە/ جۆرە کرمێکە دەدات لە گەنم و جۆ.

**لە ماتەمی مەرگی پار و**
**لە ئاهەنگی ئەم ساڵەدا.**

**تەنیا ئەڤین پەلۆشەیە[6]**
**تروسکەی ئەم دڵە خامۆشەیە**
**بڵێسەی ئەم سەرە بێ هۆشەیە.**
**ئەو نەبێ بەرخی ژیان، بەراویتە[7] و**
**خوێنی بڕوام ئاومارەیە[8]**
**ئەڤینی خاك**
**ئەڤینی ئاو**
**ئەڤینی تۆ**
**ئەڤینی بڕوای پتەوی باز و هەڵۆ**
**ئەڤینی پەپولە و بولبول و گوڵ**
**ئەڤینی بەفر و چیا و باران و گڵ**
**ئەڤینی خوا و پێغەمبەران**
**ئەڤینی من و کوردستان.**

[6]. پەلۆشە/ قوتیلە، تەرو دەبڕنەوە و سەری لقەکە دەکوتنەوە و ئاگری پێوە دەنرێ.
[7]. بەراویتە/ لەبارچوون.
[8]. ئاومارە: دەزوولە ئاو.

# تەرو

هەڕگێنە 1986/3/1

داربەڕویەك....

ئەگەر ویستی تەنیا بڕوێت !

قەدپاڵی بژوێن بکاتە دەوڵەت و

ڕەگ و ریشەی مێژووی داکوتێت

با هەر نوێژیش بۆ باران و خاك و خۆرکات

کە ئاگر شاڵاوی بۆ برد...

تەنیا خۆیی و لق و پۆپی خۆی دەسوتێت.

تەرویەکی بستە باڵا

لە نیشتمانی کێزرەکدا روا

خاك دەروونە...

ڕەگ و ریشە و چنگ و پەلیان

لەیەك ئاڵا.

ئەگەر هاتو ئاگری تێچوو

با هەر خۆشی بێ بە سوتوو

خۆ هیچ نەبێ

دەوەنێکی پشت کۆماوە
لە گوڵکۆیا ڕەگی دەمرێ
خۆ هیچ نەبێ
پایزانیش گشت کێزرەکە
لە یادی سووتانی تەڕووا
فرمێسکی گەڵای زەردیان هەڵئەوەرێ.
دەوڵەتی داربەڕووی تەنیاش
بەسەر خۆیا خاپوور ئەبێ.

# کڵپە

هەولێر ⁄ 1984

هۆ دڵە پڕ لە قینەکان،
چاوتان لێکنێن
ئەمشەو دڵی خوای مەزنی عەشق زیزە و
منیش نوێژی ئەو مەزارە ئەگێڕمەوە.
هاتووم بێستوونی ئەم شارە دائەتاشم،
پەیامەکەی فەرهادم کردۆتە ملوانکە و
بە گەردنی شیرێنێکا هەڵئەواسم.
چەند بسوتێم، هاوارئەکەم،
چەند ببرژێم، هاوارئەکەم.

هێندە سوتام ...
هەتا لەناو گوڵکۆی خۆما
بوومە شێخی بڕوا دۆڕاو.

هێندە سوتام ...
هەتا لەناو کڵپەی خۆما
بوومە حەلاجی پەل بڕاو.

هێندە سوتام ...
هەتا لەناو گڕی خۆما
بوومە تەنووری گوڵبێنە گیراو.

هێندە سوتام ...
هەتا لەناو سوتانی گیانی خۆما،
بوومە کوانوی سەرداپۆشراو.

بەڵام ئێستا پشکۆیەکی بێزارم،
لە ڕۆخانەی ژیلەمۆکەم یاخی بووم و
بەدوای ئاونگی بەیانێکا وێڵم،
گوڵخەنی دۆزەخی عەشقی پێ ئاوئەدەم.

چەند بسوتێم ... هاوارئەکەم
چەند ببرژێم... هاوارئەکەم
ئەگەر زمان لەناو دەما بقرتێنن
بە زمانی دڵ ( انا الحق)مە.

ئەگەر بێت و لە ریشەوە دڵ دەربێنن

که وەك مریشکی سەربڕاو
لەسەر زەوی هەڵئەپەڕێ ( انا الحق)مە.

کچێ خۆشەویستیت، دڵۆپێ خوێنی بێ ڕەنگە و
ڕەنگی سووری زەوتکرا.
خۆشەویستیت، وولاتێکی سەربڕاوە و
مرۆڤەکانی هەڕاجکرا.
خۆشەویستیت، سەنگەرێکی داڕوخاوە و
پێشمەرگەکەی شەهیدکرا.
خۆشەویستیت، کێڵگەیەکی بێ بارانە و
جوتیارەکەی پەلپەلکرا.
خۆشەویستیت، تاوانێکی زۆر گەورەیە و
لە وولاتی ڕەشبینانا یاساغکرا
خۆشەویستت، لە قۆناغی فەنادایە و
وەکو حەلاج لە داردرا.

کچێ دوو چاوم گەر بەژن و باڵای تۆ نەبینێ
بۆ کوێر نەبێ ...؟
زمانم گەر لەگەڵ تۆدا نەیەتەگۆ
بۆ لاڵ نەبێ ...؟

گوێچکەکانم، گەر سەمفۆنیای دەنگی تۆ نەبیستێ
بۆ کپ نەبێ... بۆ کەڕنەبێ..؟
مرۆڤێ بەرگەی کێوی عەشقت نەگرێ
بۆچی نەمرێ
بۆچی نەمرێ ..؟؟

# شار

سلێمانی 1983

دێرزەمانە ئەم شارە
تروسکەیە و جێ نزرگەی دڵدارە.
دێرزەمانە ئەم شارە..
هەوارگەی پشوی ڕێبوارە.
دێرزەمانە لەم شارە..
قڕەی قەلە،
لوورەی گورگە،
حەپەی سەگی هەوشارە.
دێرزەمانە.. نێرگزەجاڕی ئەم شارە
جێی سمکۆڵ و ڕمبازێنی زۆردارە.
دێرزەمانە، دایکی پیرۆزی ئەم شارە
گرژی ژانی کۆرپەی خۆزگەی بەهارە
دێرزەمانە...
سیاچەمانە و لاوك
هۆرە و حەیران
قەتار و خاوکەر
دەڕژێنەیەك...
دەبنە ئاهەنگ بۆ شەوارە.

دێرزەمانە، خەنەبەندانی ئەم شارە
خوێنی گەشی هەڵۆ و بازی بنارە.
دێرزەمانە، چاوی ئاسمانی ئەم شارە
کونەی ئەشکی سەرەوخوارە.
دەئەی کاروانی لوتکەی دوور
ئەی کەژاوەی کۆرپەی حەزی ئەم شارە
خواروژوورکە، دێ بە دێ
بست بە بستی خاکی وڵات
وشکەوەردە، سنە و کوللەی بێ ژمارە.
بەری ئاسمان هەمووی تەمە
تەمیش کۆسپی ئاسۆی شارە.
دەئەی کاروان هەڵمەت بەرە
تەمومژی ئەم ئاسمانە، نالەبارە
شار تینوی ئاوی سازگارە
شار برسی ماچی گۆنای یارە
شار چریکەی رۆژگارە
شار ماندووی ژینی پڕ ئازارە
شار چاوەڕێی سەردەمێکی پڕ بەهارە.

لە گزنگی ژمارە (8)دا بڵاوکراوەتەوە

# پرسیار

سلێمانی/1982

ئەرێ دایە.....
بۆچی منالآنی ئەم شارە
هەتا گوێیان لە شریخەی تفەنگ نەبێ
خەویان نایە..؟

بنوو رۆڵە...
پرسیارەکەت بێ مانایە
وەڵامەکەی هەزار بەڵای بە شوێندایە.

توخوا دایە
دەپێمبڵێ، خەوم نایە.

کۆرپەی دایە...
ئەی نازانی
ئازادی لە لولەی تفەنگدایە..؟
ئەی نازانی..
شریخە داوای مافێکی رەوایە..؟

ئەی نازانی..
گوێزەبانەی منالّەکان
لە پریاسکەیەکی خەمایە..؟

من وانالێم،
ئەلێم بۆچی خەویان نایە..؟

تاقانەکەم...
ئەو رێگایەی باوکت ویستی پیاتێپەڕێ
تۆ لێی گەڕێ.

باشە دایە...
ئەوانەی دێن شریخە دەکەن بە لایلایە
هەر لەو بەرگەی باوکی منیان لەبەردایە..؟

بەڵێ رۆڵە...
هەشە لە هەمان بەرگایە
بەڵام داخ، هەزاران داخ
لەگەڵ بەرەی دوژمندایە.

دوێنێ لە مامۆستام پرسی

ئەو دەستەی توشی نەخۆشی شێرپەنجە بێ
بۆ چارەسەر چی لــێ ئەکرێ..؟

ووتی: کوڕم
نەخۆشی وا زۆر بەڵایە
بۆ رزگاربوون...
بڕین چاکترین دەوایە.

بنوو رۆڵە..
ئەم ووشانە بێ مانایە
وێڵبوون بە دوای سەرئەنجاما
هەزار مەینەتی لەدوایە.

ئاخر دایە خەوم نایە
دەپێمبڵێ بۆچی... منالانی ئەم شارە،
هەتا گوێیان لە شریخەی تفەنگ نەبێ
خەویان نایە..؟

بنوو رۆڵە
بنوو کۆرپەم
نوستن هەستانی لەدوایە.

# بۆ گۆشەی یەکتری ناسین

سلێمانی 1979

ناو: سۆران

تەمەن: زریان

شار: گریان

ئارەزوو: سەیران

هاوڕێکانم ...

منیش، وەك ئێوە منالْم

بەلاّم دەنگم لە گەرووما خنکێنراوە

گەر دەپرسن ...

ئەی چۆن ئەژیم؟

ئاشکرایە، سەری باوکم بارمتەیە

بێگومانە، خوێنی باوکم تاپۆیەکە و

ناوی منی تیا نوسراوە؛

باوکم خۆشی پەیکەرێکە و

لە گولاّلە داتاشراوە.

# کـــۆچ

سلێمانی/بەهاری/1981

کاتێ دەستم لە گەردنی چیاکانی نیشتمانم گوێزایەوە؛
کاتێ لە باوەشی سەنگەر و
لە سێبەری داربەڕووەکان دوورکەوتمەوە...
لەگەڵ هەرەسی هیواکانا،
بەرەو لانەی شار گەڕامەوە...
لە چاوی منداڵەکانا ئەمخوێندەوە،
پێیان ئەووتم :
هەی ترسنۆك
هەی بێ بەڵێن..
خۆ تۆ دڵداری کچی خۆر بووی
بۆ کۆچتکرد..؟
خۆ تۆ تاڤگە و چیات زۆر خۆشئەویست
بۆ جێتهێشتن...؟

لەوساتەوە.. قینم لە وەرزی کۆچ ئەبێتەوە؛
لێلایی بەسەر بینایی چاوەکانما دادێ،
هەر کە باڵندەکان ئەبینم،

پۆل. پۆل...
سنگی ئاسمان شەقارئەکەن،
هێلانەکان جێدێڵن و کۆچ ئەکەن.
ئەی تۆ بۆ کۆچتکرد..؟
ئەوا باڵندەکان کۆچی گەرمیان و کوێستان ئەکەن؛
خۆ گەرمیان و کوێستانی تۆ لە دڵی منابوو...
بۆ کۆچتکرد...؟
کەی ئەمە وەرزی کۆچ بوو... بۆ کۆچتکرد..؟
کۆچێکی وا کوتوپڕ،
کۆستێکی وا جەرگ بڕ،
ئەی نەتزانی بە کۆچی تۆ...
مەلی خۆزگە و حەزەکانیشم؛
دایان لە شەقەی باڵ و کۆچیان کرد.
چونکە تۆ...
رازی نەبووی بە هێلانەی دڵی من،
رازی نەبووی بە هۆنراوەی بەکوڵی من،
رازی نەبووی بە سوتانی پڕ گڕی من،
رازی نەبووی بە ئازار و ژانی من... رازی نەبووی.
کچێ تۆ مانای سوتاندن نازانی...
بۆیە نازانی ئەو مرۆڤەی کە ئەسوتێ... چی بەسەردێ؛

بڕوات بە سوتانی من نەبوو...
بۆیە ویستت لەگەڵ کۆچی خۆتا،
وەهام بسوتێنی، کوڵوکۆشم دامرکێتەوە.

بەڵام گیانە کۆچێکت نەکرد...
کە خۆشەویستیت لە دەروونما سەوزببێ وچرۆ دەرکا..
هەموو چرۆیەکیش، سەدان هێشوو شیعر بگرێ.
کۆچێکت کرد...
ئابەو کۆچە شیعر ئەمرێ،
کاغەز ئەدڕێ،
خامە ئەشکێ،
رۆژی هەزاران قین لە دڵما لەدایك ئەبێ؛
خۆزگەکانم لەدار ئەدرێ،
یاساکانی وولاتی دڵ زیندان ئەکرێ.
فریشتەکان لە تیاترۆخانەی ژیانا قورئان ئەدڕن،
لەگەڵ زیزبوونی دڵی خوادا،
سەمفۆنیای مەستی لێئەدەن،
لەشەوی بەراتی تەمەنما رەشپۆش ئەبن،
لەسەر بەرماڵی داوێنم،
مەلۆتکەی زۆڵ سەرئەبڕن.

بۆ کۆچتکرد..
کەی ئەمە وەرزی کۆچ بوو..؟

ئەی خۆپەرست...
واتئەزانی من ناتوانم
کەژاوەی بوکێنیت بۆ سازبکەم
گوێم بۆ شلکە...
دوێ شەو، شیعرەکانم پێیان ووتم :
ئامادەن بێنە بارەگای عەرشی ئێوە و
خوازبێنی تۆم بۆ بکەن.
کۆپلەیەکی شیعر ووتی :
ئەبم بەو پارچە خشڵەی،
دڵی ئەوی پێخۆش ئەبێ.
شیعرێکی دی...
ئەبم بە حەریری سەر چەرپای شەوی بوکێنی.
شیعرێکی دی...
ئەبم بە ئاهەنگی سەمفۆنیای شەکراوخواردنەوەی.
شیعرێکی دی...
ئەبم بە کەژاوەی خواست و هەستتان.
شیعرێکی دی...

ئەبم بە لانکەی ئارەزووەکانی دڵتان.
دوا شیعریش کۆچ بوو ووتی:
منیش ئەگریم بۆ جیاوازی نێوانتان.
بۆ کۆچتکرد...
کەی ئەمە وەرزی کۆچ بوو..؟

دڵمنایە جۆرێکی وا ناوتبێنم، زیزت بکات،
دڵمنایە لەوە زیاتر دەروونی خۆم بهەژێنم
نەوەك ئاهێکم بتگرێ و نەخۆشتخات
تەنیا ئەوەندەت پێدەڵێم... ئەی خۆپەرست،
ئیدی نەکەی لە دەروونی یادەکانتا مۆمیام بکەی؛
چونکە مۆمیا، یادگارێکی بێ گیانە،
ئەی نازانی.. ئەو مرۆڤەی مۆمیا ئەکرێ،
لە پێشدا پێستی ئەگورن و کەوڵئەکرێ...
منیش رازی نابم کەوڵ بکرێم
بۆیە دەڵێم...
لە دەروونی یادەکانتا مۆمیام نەکەی.

ئەگەر بێت و بە راگوزەر بشتبینم..
چاوەکانم ئەنوقێنم

**ڕێگات نادەم، وەك کۆترێ**
**لە هێلانەی چاوەکانما هەڵبنیشی.**

**ئەگەر بێت و هەر چوار وەرزی هەموو ساڵێ**
**باران هەر خۆشنەکاتەوە و هەر بباریێ**
**دەروونی شیعرم ناخرۆشێنێ و**
**ووشە و دێڕی هۆنراوەکان نانەخشێنێ.**

**قینم لێتە و خۆشمناوێی**
**چونکە فێرتکردم قینم لێتبێ**
**قینم لێتە و خۆشمناوێی**
**چونکە فێرتکردم...**
**جیاوازی خۆم لەگەڵ تۆدا بەراوردکەم و**
**هەرخۆم و چینەکەی خۆمم خۆشبووێ؛**
**قینم لێتە...**
**چونکە بەکۆچی تۆ بڕیارمدا**
**دڵم هێلانەی ئەوینی هیچ کیژێکی تریش نەبێ...**
**قینم لێتە...**
**قینم لێتە...**
**قینم لێتە.**

# دوێنێ لە ئاوێنەی ئەمڕۆدا

سلێمانی/1981

دایکم ووتی :
کە منالّ بووی
هێندە چەتوون و لاساربووی
بێگوێ و عەجول و چاونەترس
دەستت بۆ پشکۆ و گڕ ئەبرد
ئێستاش لەپی دەستەکانت
چزووی گڕ و پشکۆی تیایە

ئازیزەکەم...
بۆیە ئەمڕۆش...
لە سۆزی ئەوینی تۆدا
ئەسوتێم و باکم نیە.

دایکم ووتی :
کە منالّ بووی
هێندە چەتوون و لاساربووی،
سەهەنە و گرینۆك و ووڕکن؛

قژت تا بلێی درێژ و ڕەش و خاو بوو،
بهاتایه و لە شتێیەك  وورك بگری
بە ددان هەموو قژی خۆتت ئەڕنی،
ناچاربووم قژت هەڵپاچم
نەوەك تووشی بۆقژە بیت.

ئازیزەكەم...
بۆیە ئەمرۆش..
كە دەتبینم، وورك ئەگرم
تا پرچە زەردە، خاوەكەت، بە لێو بگرم
بەڵكو لە ناخەوە تووشی بۆقژە بم
چش، ئەگەرچی پێشی ئەمرم.

دایكم ووتی:
كە منالّ بووی،
هێندە چەتوون و لاساربووی
بەبێ سرەوت، بەبێ پەروا
ئەچووی بەگژ دار و بەردا،
دارلیمۆیەك لە باخچەكەدا ڕووابوو
ساڵی یەك، دوو لیمۆ بەری هەبوو؛

هەر کە ئەتدی لیمۆ زەردە... پیاهەڵئەزنای
تا بەرزترین لق ئەچوویت و بۆی ئەکشای
لیمۆی کاڵت لە دارەکە ئەکردەوە
بە دەست گوشین،
بە لێو مژین،
لە دوایشا ئەتلستەوە.

ئازیزەکەم..
بۆیە ئەمڕۆش..
بە سەرووی باڵای تۆدا، هەڵئەزنێم
تا بگەمە چڵەپۆپەی باڵاکەت و
دەمم لەسەر لیمۆکانت دانێم.

دایکم ووتی:
کە منداڵ بووی،
هێندە چەتوون و لاساربووی،
کە ئەچوویتە ئەودیو دەرگای حەوشەکەوە؛
دوور لە گیانت، هۆشت ئەبرِا لە هاتنەوە...
پێم سوابوو، هێندە هاتم بەدوای تۆدا،
شەرمم ئەکرد، ئەوەندە لە دەرگای ماڵە دراوسێم دا...

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت بێ، پوور مەنیجێ
ئەیووت: کچێ نەکەی دڵت لێی بترسێ،
هاوەڵی (بەناز)ی منە و خۆشەویستی گشت لایە
خوا ئاگاداری بکا و چۆڵنەکا ئەم بەردەرگایە.
رۆڵە ئەوەندە شەکەتی یاری بوو بوون،
هەر لە عەسرەوە، لە باخەڵی یەکا نوستوون.

ئازیزەکەم..
بۆیە ئەمڕۆش..
هەر لە دەرگا هاتمەدەرێ
ئارەزووم ڕێی بەرەو ماڵی ئێوە ئەگرێ
بۆ ئەوەی بێم یاری بکەم، تا شەکەت بم
بەڵکو لەدوای شەکەت بوونمان
لە باوەشتا، تێر، تێر بنووم.

# شەوانە یاد

سلێمانی ١٩٨١/

ئەم شەو لێزمەی بارانێکی بەخوڕ دایکرد
دلۆپەکانی، کە ئەیدا بەسەربانی ژوورەکەمدا
وامئەزانی.. دەستی ساوایی تۆیە و
هەڵماقۆ بە گلێنەی چاوەکانم ئەکات.

لەپاش باران، شنەی بایەك بە نەرمی هات
کە لە تەلی تەنافەکەی ئێمەی ئەدا
وامئەزانی... هەڕەتی منالّی تۆیە و
پەتپەتێن بە دەمارەکانم ئەکات.

لەدوای شنە، خامۆشی شەوی داگرت
کە یەکیانگرت لەگەڵ زرنگانەوەی شەوا،
وامئەزانی.. ئەوسای دلّناسکی تۆیە و
پەنجە تووتەی زویربوون بەدەما ئەکات.

کە کۆتایی بە بێدەنگی شەوی تار هات
چاوی ئاسمان رۆشنبووەوە و بەیانی دا

**وامئەزانی.. شایی تۆیە و**
**چاوەکانت (رتووش) ئەکات.**

**تۆ بارانی....**
**وەرە بەسەر ئەم گیانە مردووەدا دابکە**
**تۆ شنەی بای...**
**وەرە سەبوونی گەرمیانی ئەم دەروونە راوبکە**
**تۆ زرنگانەوەی دەنگی...**
**وەرە ئەم خامۆشی و پەژارەیەی دڵم دەرکە**
**تۆ بەریبەیانی تاسەی...**
**وەرە زەماوەندێ بۆ کۆرپەی شیعرم سازکە.**

# شاعیرێك

سلێمانی ⁄1981

له چەقی گۆڕەپانی شارێ
چەتەوڵێ..
تەپله سوورێ
شاعیرێکی بەگیرهانی لەسەر شیعرێ.

شاعیر ووتی:
شیعرەکانم پێشمەرگەیە و
ئەچن بەگژ خەلیفە و سوڵتانا
شیعرەکانم مەدالیایە و
ئەکرێن بە بەرۆکی شەهیدانا
شیعرەکانم گوڵاڵەیە و
ئەڕوێن لە سینەی سەیوانا
شیعرەکانم رابەرێکە و
نوێژ ئەکەن لە دەروونی دڵدارانا.

چەتەوڵی ترسنۆکی بێ ویژدان
نەڕاندی پڕ بە پانتایی گۆڕەپان

**وەرن بیبەن بەرەو زیندان.**

**شاعیر ووتی:**

**گەر شاعیرێ**

**زیندان نەکرێ لەسەر شیعرێ**

**ئەی دەبێ..**

**شیعر بۆچی بڵێ ؟**

**گەر شاعیرێ**

**لە دار نەدرێ، لەسەر شیعرێ**

**خۆیی و شیعری بۆچی نەمرێ ؟**

# دەنگم

سلێمانی 1981

تۆ تروسکەی...
تروسکەش، تینی هەیە
تیشکی هەیە،
ئەی ئەگەر تیشکی نەبێ
چۆن تاریکستانی دڵی من دائەگیرسێ ؟
ئەگەر تینی نەبێ
چۆن شەختە و سەهۆڵبەندانی
سیبریای ئازارەکانم دائەچۆڕێ ؟

ئەی تروسکە...
وەرە ئەم شەو
جیهانی پڕ لە ئازارم بخرۆشێنە
وەرە ئەم شەو
ئەم گیانە تاریکەم داگیرسێنە
هەرچەند ئەمڕۆ مانگ و رۆژم لە گیرانە
بەڵام دەنگم هەر دلێرە و وەك بورکانە
دەنگم سۆزی ئاوازێکی بێ نەوایە
دەنگم نرکەی زنجی و ئەفغانیەکی ئازایە

دەنگمناڵەی پڕ ئازاری کوردێکی بەتوانایە
دەنگم فریشتەی خوای سەربەستی گشت دنیایە
دەنگم لایلایەی دایکێکی بێ هاوتایە
دەنگم ئاگری شۆڕشێکی بێ کۆتایە
دەنگم بانگی یاخی بوونی گشت دڵدارێکی تیایە
دەنگم راپۆرتەکەی (شوانە ) و (نەریمان)ی لەگەڵدایە.
دەنگم هەرچەند بەم جیهانە ئاشنایە
بەڵام هێشتا پشکۆی ژیلەمۆیە.
دەتۆش وەرە ئەی تروسکە
بە پرچی زێڕینی تروسکایت
باوەشێنی کڵپەی ئاگری دەنگمکە
تۆ تروسکەی...
تروسکەش لە تیشکایە
تیشکیش لەدەم ئاسۆی کەلایە
کەلیش سەنگەری هەڵۆیە
هەڵۆش ملوانکەی تروسکەی لە ملدایە.

- شوان عەلی سەعید، کە لە گوندی قازانقایە شەهیدکرا
- نەریمان فواد مەستی، کە لە ساڵی 1974دا لە بەغدا لە داردرا.

# نۆتەی وشەیەک

سلێمانی ⁄ 1981

ڕۆژگارێکی دوور و درێژ
نەمئەزانی
بە چ چاوێ
بە چ جۆرێ، تێمئەڕوانی !!
بەو چاوانەی پڕن لە بەستەی دڵداری !؟
بەو چاوانەی پڕن لە ئەشکی یادگاری !؟
بەو چاوانەی پڕن لە ئەوینی سەرزاری !؟
یان چاوانێ پڕ لە سۆزی هاوڕێیەتی !؟
نەمئەزانی... چ چاوێکە
پڕ لە ئەفسوس
پڕ لە سیحر... تەلیسماوی
هەتا ڕۆژێ بای هەناسەی سۆزی ئەوین
ئەیویست گەرووت بتاسێنێ
ڕووی بێ ئارایشت وجوانت زەرد هەڵگەڕا
لێوەکانت سپی بوون و کەوتنە سەما
چاوە ڕەشە گەشەکانت

فرمێسکی شەرمیان تێئەزا
لەگەڵ نۆتەی ترپەی دڵ و لەرەی لێوا
ئاوازی پیتەکانی ووشەیەك لەیەك پچڕا
گوللەیەك بوو...
بەو گوللەیەش بەندی دڵ و جگەر پێکرا
بڕوام نەکرد کە پێتووتم
خ ۆ ش م ئـ ە و ێ ی
چونکە بیستبووم، ئەیانووت :
لە هیچ کیژێ چاوەڕێی بیستنی
ووشەی خۆشەویستی نەکەیت.
شیرینەکەم...
بۆ یەکەم جار کە تۆم بینی
وەك هاوڕێیەك خۆشم ویستی
وەك مرۆڤێ...
وەك خاوەن هەست
وەکو دۆستێ، بەبێ مەبەست
یەکەم نیگا و تێڕوانینت
جۆرێکی دی هەستی بردم
چاونەترسی و ئازایەتی
ئەو کاتەشی کە پێت ووتم

**تاسانمی و مەستی کردم**

**من ئەزانم خۆشت ئەوێم**

**بڕوام پێیته و باش ئەزانم**

**خۆشویستنێ خۆشت ئەوێم**

**ماسیش ئاوا روبارەکانی خۆشناوێ**

**مەلیش ئاوا هێلانەکەی خۆی خۆشناوێ**

**باش ئەزانم...**

**ئەوەندەی تۆ منت ئەوێ**

**برسیش هێندە نانی ناوێ**

**تینووش هێندە ئاوی ناوێ**

**بەڵام چیبکەم شیرینەکەم ئیتر بەسە**

**تووبی خووا... دەتێمبگە و ئیتر بەسە**

**خۆ تۆ رووبارێکی سەرشێتی و**

**لە بوواری من تێناگەی**

**خۆ تۆ لوتکەی چیایەکی سەرکەشی و**

**لە ماندوێتی و شەکەتبوونی من تێناگەی**

**خۆ تۆ باڵدارێکی نامۆیت و**

**لە نەرێتی وولاتی دڵی من تێناگەی**

**خۆ تۆ ئاوازی کەمانێکی و**

**لە سۆزی شیعرەکانی من تێناگەی**

من ئەزانم ...
دڵت بۆتە گۆڕەپانی رمبازێن و
شۆڕەسواری خەونەکانت تەنیا منم
دەتێمبگە...
ئەوە دڵم دەرببێنە
تێیبڕوانە لە وولاّتی وێرانەی دڵ
ئەشێ ببێتە جێنزرگەی ئەوینی گوڵ !؟
خۆ من ئەتوانم بەجارێ لەم جیهانە یاخی ببم
بەلاّم چیبکەم
چاو زەقەکان ئەمترسێنن
ئەیانەوێ بمبەزێنن
ناچارئەبم دەست بنێمە
بیناقاقای خواستی تۆوە و
خۆزگەکانت بخنکێنم
شیرینەکەم...
بۆ دواجاریش
وەك هاوڕێیەك خۆشم ئەوێی
وەك بینایی چاوەکانم
وەکو ووشەی شیعرەکانم
خۆشم ئەوێی.

# گۆرانیەك
# بۆ بەهاری پاش شەختەی زام

سلێمانی 1978

**ئەی ئاسمانی وولآتەکەم**
**ئەشکی بەخــــــورِ دابڕێژە**
**دەوەنەکان...**
**ئەی سەنگەری هەلۆکانم**
**(رایزۆبیام)ی رەگەکانتان دابکرۆژە**
**با بەچڕی**
**با بەپڕی**
**لقەکانتان گەلآ بگرێ**
**قەدی کۆماوەی رۆژگارتان**
**با (کەرەنتو)ی جەللادەکان شەرمەندەکا.**

**ئەی (سی) شەیدا**
**ئەی دلداری سیروانەکان**
**چلێ کەنیرەی گوێ چەم**
**بخە سەر گۆڕی سەبوونی گەرمیانەکەم.**

**ئەی هەڵەکۆك وا بەهارە و**
**شەختە و زوقمی زستانەکەت ئەتوێتەوە**
**گوێ رادێرە**
**هاژەی زۆری....**
**لەناو دۆڵی ئارامبوونتا ئەبڕێتەوە.**

**کوێستانەکەم...**
**ئەم بەهارە بە هەلاڵە و سوێسەن بڵێ**
**گوڵەکانیان...**
**هەر سوور بگرێ، هەر سوور بگرێ.**

**(رۆنیاساوی)...**
**باش ئەزانم لەبەر چییە**
**مەمکەکانت، کە شیری سوور ئەپرژێنن..**
**بۆ ئەوەیە...**
**خوێن نەزێتە نێو چاوە رەشەکانی گولاڵەوە**
**باش ئەزانم...**
**قوربانیەکان پێش سەربڕین**
**چاوەکانیان ئەرێژرێ.**

ئەی وەنەوشە سەرشینەکە
هەتاکو کەی، جوانیت لە خومی شین هەڵئەکێشی ؟؟
هەتاکو کەی، فرمێسکی ئاونگ ئەڕێژی ؟؟
بۆ نازانی ؟؟
ئەم بەهارە، بەڕەزای شەنگ
پرچی خاوی،
لەپاڵ تاڤگەی چیاکانا، شانە ئەکا و
هەموو داوێکی پرچی...
بەسەرهاتی دوێنێ و ئەمڕۆی پێ ئەبەستێ ؟
بۆ نازانی..؟
چی لیمۆیە..
ڕەنگی زەردی خۆی ئەگۆڕێ.

ئەی شوانەکە...
وا بەهارە، (دەستبێن)ەکەت بپچڕێنە
مەڕەکانت، گوێ بیستی ئاوازێکی نوێن
شمشاڵی بەر پشتێنەکەت دەربێنە،
دەبیژەنە...
دەبیبیژە و
با پڕ لە سۆزی جگەر بێ

با نەخۆت و نەمەڕەکان..
نەئاوایی، هیچی نەنویٚ.
ئەمڕۆ لەودیو پەچەکەوە
گەلەگورگ، پیلانێکیان سازکردووە..
نیازیان وایە، هەر کە نوستی
مەڕەکانت لێبفڕێنن
نیازیان وایە هەر کە نوستی
بە دەستبێنەکەت بتخنکێنن.
ئەی شوانەکە وا بەهارە
توو ئەم خاکە...
نەکەی بنویت، نەکەی بنویت
وا بەهارە، دەستبێنەکەت بپچڕێنە.

جوتیارەکان...
پاڵە و سەپان و وەرزێران
وا بەهارە، کێڵگەکانتان بپارێزن
بڕوابکەن...
پاساریەکان، باش ئەزانن
پاسەوانی کێلگەکانتان داهۆڵێکە !
نیازیان وایە...ئەم بەهارە

چاوی گوڵەگەنمەکان دەربێنن.
ئەی جوتیاران...
وەرن، وەرن، مەردی چاك بن
داهۆڵەکان تێکبشکێنن
هەموو دێڕی دێراوێکتان سەنگەرێ بێ و
لەگەڵ هەموو دەنکە گەنمێ
(مین)ێکیش بچێنن.

ئەی ئاسمانی وولاتەکەم...
ئیتر ئەشکی بەخوڕ دامەڕێژە
سامالێکی نوێ بپۆشە
چونکە (چەچەهەوای ) هەلۆی ئەم بەهارە
بۆ ماچێکی گۆنای یارە
بۆ ماچێکی گۆنای یارە.

- رایزۆبیام: گۆپکەیەکی پڕ لە نایترۆجینە و لەسەر ڕەگی ڕووەکی وەك پاقلە پەیدا دەبێت.
- کەرەنتو: داسێکی کلك درێژە و بە پێوە بەکاردێ.
- سی: جۆرە مەلێکی گچکەی سەر ئاوە.
- سەبوون: گڕەی گەرما.
- ڕۆنیاساوی: پێچەوانەی زووربەی ڕووەکە بچوکەکان کە شیرێکی سپی دەردەکەن، شیری ئەم سوورە.
- دەستبێن: ئەو داوە بەنەیە کە شوان دەیبەستێت لە دەستی مەڕێك، کاتێ سەرخەوێك دەشکێنێ، ئەگەر ڕانەکە جولا ئەوا ئەو مەڕەش لەگەڵیان دەڕوات و دەستی شوانەکە بە دەستبێنەکەیە و بەئاگادێتەوە.
- داهۆڵ: بووکی ناو مەرەزە و گەنم و جۆ.
- چەچەهەوا: باڵەفڕە.

# وەڵامی مێژوویەکی بێدەنگ

لەندەن ⁄ زستانی ⁄ 2004

ئەوسای پایز
چەردەیە لۆمە و سەرزەنشت
ووشەڕێزانی یەك دوو کۆپلەی
نێو هۆنراوەیەکی بەکوڵ بوون.

ساڵی جارێ
هامڕای راز و چەند پلارێ
لە دووتوێی نامەیەکی
پڕ لە سکاڵا و خۆشەویستی
دەگەشتەلام.

بەڵام ئەمڕۆ
پۆستەچی هاتە بەردەرگام
دیوانە شعرێکی بۆ هێنام

تابلۆی سەربەرگ
جیهانێکی پڕ لە ئەندێشەی سحراوی

بەبێ هەستی کێشی کردم...

بەرەو ناخی،

شۆڕبوومەوە بۆ قوڵایی.

تاڵ تاڵ تیشکی رەنگەکانم شیکردەوە

پەیکەرێکی لە خەم تاشراو

دێوانەیەکی قژ بژو

صۆفیەکی یاخی گوم ناو

پەلی گرتم بەرەو حەرەمی دیوان

یەك یەك شیعرەکانی پێم ناسان

زۆریان ئاشنا و نزیکم بوون

هەندێکیشیان دەیانناسیم

هەبوو مۆرکی صابونکەرانی پێوەبوو

پێویستیان بە ناسنامە نەبوو

هەندێك سەرتاپا رەشپۆش بوون

تەیمانی خەم دەورەی دابوون

بەڵام سەرجەم

چراخان بوون

چراخان بوون

هاوڕێم

من ئەزانم
زۆر لە مێژە
لە خانەقای عەشقێکی ناکاما
بەرماڵی شیعر رائەخەی
قەزای نوێژی ئەوینێکی شەهید ئەکەی.

زۆر لە مێژە
زێوانی خسنەکەی وەلی و مەمی
شەیدا و عاشقی چاوەکانی زین و شەمی.

زۆر لە مێژە
بە دووی شۆڕەسواری خەونەکانتا وێڵی
حەلاج ئاسا اناالحقتە و
سڵ لە ئاکامەکەی ئەویش ناکەی.

توخوا هاوڕێ
نەکەی بێڵی لەشکری غەم
ڕێ لە کاروانی حەز و خۆزگەت بگرێ
چۆك بە ئەژنۆکانت دانێ
ژانەکانت لەباربەرێ

نەکەی بێڵی توخوا هاوڕێ.
تەمەن ئەڕوا و
گوڵۆڵەی وا لە لێژییە
ئەم سەردەمەش بێ باوکە
کەس نازانێ کوڕی کێیە
(نەکەی رۆژگاری داهاتوت
ئاوێتەی بێهودەیکەی)
هاوڕێ توخوا
ئەو پەندەم لە یاد نەکەی .

# ساتەوەختێ

2003/9/13 هۆڵەندا

لەم کاتەدا........
تۆزێکی دی و
یان دوای چرکەیەك کە بە پەلە تێئەپەڕێ...
پەژارە و غەم ...
لە داوێنی گۆیژەی پەیامەوە،
دەبێتە لافاوێکی لیخن و قوڕاوی؛
بەرەو شاری شادمانی دەروونی تۆ
هەڵئەسێت و دێتەخوارێ.

تۆزێکی دی...
تەتەر لە دەرگای دڵت ئەدا،
بە گوێچکەلەی راست و چەپا ئەچرپێنێ؛

تۆزێکی دی...
چاوەکانت دەبنە دوو گۆمی خوێناوی
ئاسمانی بینایی، تەم دائەگرێ و
پایزە بارانێکی فرمێسك دەبارێنێ

تۆزێکی دی...
چەردە ووشەیەکی ئاگراوی،
جەرگ و دڵ هەڵئەقرچێنێ،
ئەتهەژێنێ،
دەتگرێنێ،
ئاسۆی دیدت ئەشێوێنێ،
دەبیتە پاڵەوانی دۆزەخەکەی (دانتی) و
لەسەر پشکۆی هەواڵەکان سەمائەکەی .
تۆزێکی دی...
هێند شەرابی غەم ئەنۆشی
تا مەست ئەبی
ئیدی سەرت خۆی ناگرێ و
لەنێو دوو تاوێری ئەژنۆکانتا توندی ئەکەی.

وا تەتەریش چەند رۆژێکە
لەژێر باری گرانی هەواڵ
شەکەت...
ماندو...
بیر داپشکاو...
وێڵی دووی چەند ووشەیەکی بە سۆزە،

ئاوەڕشێنی کورەی داخبووی دەروون بکا .
جارجارەش،
لەبەر بەڕۆچکەی خەیاڵا،
ووشەکان دەبنە پۆلە چۆلەکە و
لە نێو جۆگەلەی لاڕێدا مەلەئەکەن
هێمای لێزمە بارانێکی بەخوڕ ئەکەن
تۆزێکی دی هەواڵ ئەگا ...
ئیدی تەتەر پشوئەدا و
باری شانی سوکتر دەبێ.

هەواڵ زنجیرەیەکی لێکنەپچڕاوە ...
لەگەڵ رەورەوەی تەمەنا هەنگاو ئەنێ،
بەردەوامە، دێت و دەچێ.

# تروسکە

1978/02/17

بە ڕێچکەی ناخما شۆڕبوویتەوە و ئەمگرێنی
بووی بە راز و لە خەونیشدا ئەمدوێنی
ئەی تروسکە خنجیلەکەی دڵ
تۆ مەنجەنیقەکەی حەلاجی و ئەمسوتێنی
تۆ سێبەری هەوری بەهارێکی و
وەکو باران بەسەر کێڵگەی حەزەکانما ئەمبارینی
تۆ ئاهەنگی رۆژگارێکی پڕ لە بەستەی
لەگەڵ سۆزی شمشاڵەکەی دەروێشا ئەمهەژێنی
تۆ پریاسکەی نهێنیەکی دزراوی
لە ریشەوە چی نهێنی دڵم هەیە، ئەیدرکێنی
من شاعیر نیم ...
تەنیا شیعر بۆ چاوەکانی تۆ ئەڵێم
کەچی تۆی دڵ رەق، پێی نازانی و ئەمبوغزێنی
کچێ شاعیریش مرۆڤە
گۆشت و خوێنە
دڵ ناسکە...
کەچی تۆی بێ بەزەیی، دڵی ناسکی شاعیریش ئەڕەنجێنی.

**من دەمەوێ وەك کوترێ**
**لە هێلانەی چاوەکانتا هەڵبنیشم**
**کەچی تۆ بیزاری لێم، لە ئاستما چاوەکانت ئەنوقێنی.**
**من دەمەوێ چنگی کێویم**
**لە باخچەی سینە و بەرۆکتا ماڵی بکەم**
**کەچی تۆی سوڵتان و ئەمیر، دەستی حەزم ئەقرتێنی.**
**من دەمەوێ لە دەریای مەنگی چاوەکانتا مەلەبکەم**
**کەچی تۆی شەپۆلی یاخی، بوارم نادەیت و ئەمخنکێنی.**
**تروسکەکەم...**
**ئەم بەهارە، کە مەلە کوێستانیەکان گەڕانەوە**
**هەر لەسەر هێلانەکەی پاریان نانیشنەوە**
**بەدوای هێلانەیەکی نوێدا دەگەڕێن و**
**دڵداریەکی نوێ ئەکەنەوە.**

## فەرهەنگی ڤینێکی سوور

سلێمانی ⁄1978

وەرە، ئەی لێشاوی ڤینی سوور... وەرە
بەناو دوورگەی پڕ ئازاری سەرما بگەڕێ
ئەم زەمینە پڕ درۆیە فەرامۆشکە و
ڕێچکە و هەورازی مێژوو بگرە و پیاهەڵگەڕێ
پیاهەڵگەڕێ...
تا کانیاوی دڵ، پێڵوی چاوی هەڵئەهێنێ.

بە ڕەوتی جوان، وەکو هەڵۆ
ئەی ئەسپی بۆرەی سپیلکە، غاردە و بڕۆ
بڕۆ بەسەر زینوی گرد و قامی کێوا
بڕۆ بۆ دوور
تا دەربەند و سەرکەلەکان
بڕۆ بۆ دوور
تا سەر سنوور.

دەغاربدە ئەی شۆڕەسوار

جێ پێکانت گەرمکێکە و شەتاو ئەگرێ
لێشاوی دوای بەفر و باران
هەرچی پێش بێت، رایئەماڵێ
ئەڕوا بەسەر کەندوکۆسپا
وەك قەڵبەزە بەبێ پەروا
تا ئەبێتە تاڤگە و سۆلاڤ
ئەوسا بە گەردنی شاخا
وەك مرواری دێتەخوارێ.
دەئەی لێشاو چەند ئەتوانی
بڕۆ بە تاو
تا یەخبەندانی چەند ساڵەم
رائەماڵی بێ خۆرەتاو.
بڕۆ هەتا جۆگە و روبار هەبێ
لە هەر خاکێ گەنم نەڕوێ
بێ بەهاریش هەر تێبڕژێ
لە وێرانەی هەر گوندێکا پەپوو خوێندی
مردن ئەمرێ
خواستی پڕ هیوا و ئارەزوو
گەلا ئەگرێ.

**رێی دڵداریت، سەخت و دژوار و ناخۆشە**

**لێشاو برۆ، تێشوی ئاواتت لە پێشە.**

**با دابکات چی رەهێڵە و رێژنە و لێلاف هەیە**

**با دابکات چی لەنگێزەی تەوژمی قین هەیە**

**گورگەزێیە و پەلکەزێڕینەی وولاتم**

**پرچی بەرەزا درێژ ئەکا**

**ئەوسا منیش وەك هەڵبرینگان**

**چی گەواڵ و گەپەڵ هەیە...**

**راومئەنان**

**راومئەنان**

**راومئەنان.**

# کوانوی خەم

1978/02/20

کە شەو دادێ
خەم دەبێتە کوانوی زستانێکی توش و
ژانەکانم رائەژەنێ

کە شەو دادێ
خەم دەبێتە یاساوڵی ئەم ئازارە و
وەنەوز لە چاوەکانم ئەتۆرێ

کە شەو دادێ
خەم دەبێتە لنگی شەیتانی ئەم دەمە و
لالغاوەی باوێشکەکان دائەتلێشێ

کە شەو دادێ
خەم دەبێتە سەماکەری ئەم ئاهەنگە و

**گەرووی شمشاڵم ئەنوسێ**

**کە شەو دادێ**
**خەم دەبێتە مەنجەنیقەکەی شێخ و**
**شیعرەکانمی تیا ئەسوتێ**

**کە شەو دادێ**
**خەم تیاترۆیە،**
**خەم ئارەزووی پڕ درۆیە**
**خەم دڵدارێکی سەرکەشە و**
**تا رۆژهەڵدێ بەئاگایە**
**هەڵمدەگرێ...**
**لەگەڵ خۆیا هەڵمدەگرێ**
**بە باڵی رەشی خەیاڵی**
**کوچە و شەقامی ئەم شارە ئەپشکنێ**
**خۆ ئەشزانم**
**تەنیا هەر من بەئاگا نیم**
**خۆ ئەشزانم**
**لەم شارەدا**
**هەر هیچ نەبێ**

**هەزارەهای وەك من هەیە**

**هەیە بەدووی رووایەکی سوورا وێڵە**
**رێستە...**
**هەرچەند کێستەکەشی خوێنی ئاڵە**

**هەیە چەرپای حەسانەوەی**
**شۆستەی شەقامەکانی شارە**
**ئاوارەیە**
**چەوساوەیە**
**بێ لانەیە، هەژارە.**

**هەیە دوا پێکی مەستیە و**
**بەدیار شوشەی بەتاڵەوە واقوڕماوە**
**هەیە ئێستا وەکو لاولاو**
**لە باڵای سەروچنارێ تێکئاڵاوە**
**هەیە لەگەڵ مام دینارا**
**بە سەدەها تلی یاوە.**
**هەیە لە خەونێکی بڕسکاوا**
**تامێسك لەسەر لێوی هەڵتۆقاوە**

**هەیە لەناو خەونی خۆشا**
**مەلی هیوا و خۆزگەکانی راپەڕیوە**
**هەیە ئەسپی نیگا و حەزی بەیەکگەیشتن**
**لە پێدەشتا نوچیداوە.**
**هەیە ئێستا پاسەوانە**
**لەگەڵ چەکا دەزگیرانە**
**ئەم دوو دڵدارە بە نۆرە**
**ئێشکچێتی پیشەیانە**
**ئەو ئێشکی تفەنگ ئەگرێ**
**تفەنگیش ئێشکی ئەم و**
**گوللەش ئێشکچی ئەوانە.**

**کە رۆژ هەڵهات**
**خوێنی سوور و ئاڵی شەوێ، زەعفەرانە.**
**کە رۆژ هەڵهات**
**چەرپای حەسانەوە جێدێڵێ**
**ئاوارەیی و چەوساوەیی**
**لە پریاسکەی سواڵکردنا هەڵپەیانە.**
**کە رۆژ هەڵهات**
**ئیسپرۆیەك، دژ بە کەللەی واقوڕمانە.**

که رۆژ هەڵهات

گوڵی لاولاو سیس و ژاکاو پەشیمانە.

که رۆژ هەڵهات

دینارەکان لە گیرفانا پاڵپەستۆیانە.

که رۆژ هەڵهات

خەونامەی درۆکان شادیانە.

که رۆژ هەڵهات

هەنگاو پەلەی نیگایەکی ئازیزیانە.

که رۆژ هەڵهات

پاسەوان و چەك و گوللە

هەڵمەتی خۆسازکردنی شەوێیانە.

ئیدی خەم و ئازار و ژان

بەردەوامە لەگەڵ رەوتی ئەم ژیانە.

# فرمێسکی بێ گریان

سلێمانی ⁄ 1977

ئاوارە نیم...
خوێن و خۆڵی وولاتێکی سەربڕاوم
بەشوێن لاشەی بێ سەری شەهیدەکانا ئەگەڕێم
بۆیە ناڵێم وێڵم !!
هەرزە نیم، تا هەرد بکێڵم.
من هەر ئەڕۆم بەبێ ووچان
بەبێ کۆڵدان..
با دوژمنم دڕندەبێ، با شوورابێ
وێڵی ناکەم رێی تێکۆشان.
چاوی زەقیان، وەکو هەور بارانی قین ببارێنێ
شەستەی ئازار و زۆریان نامترسێنێ
لە سنگی خۆم رائەبینم ...
بەری زریانی قین بگرێ.

ئەی شارەکەی دوێنێی هاودەم

**بۆ دەروازەت لە رووی منا کڵۆم ئەکرێ ؟؟**
**کۆرپەکەی دوێنێی ئامێزتم،**
**سەودای ئەوینی تۆ خستومێ رێ.**
**خوێن فرۆش نیم ...**
**بەڵام گیان و خوێن و سەرم**
**ئەدەم بە چەك،**
**بە کولله، بە نان**
**بۆ دڵداره برسیەکانی کوردستان.**
**ئەی شارەکەم...**
**تەنیا ئەم شەو هاوڕازمبە**
**سەرنجێبە...**
**بزانە چۆن**
**دەستی دڵدار لە گەردنی دولبەرەکان ئەتۆرێنن**
**بزانە چۆن ...**
**سەرگۆی مەمك لەسەر لێوی مناڵەکان ئەتەرێنن.**
**ئاوارە نیم...**
**خوێن و خۆڵی وڵاتێکی سەربڕاوم**
**بەدوای لاشەی بێ سەری شەهیدەکانا ئەگەڕێم**

**من بورکانم ...**
**هاتووم نهێنی سینەی ئەم خاکە ئەدرکێنم.**
**من بارانم ...**
**هاتووم تینوێتی کێڵگە تینووەکان ئەشکێنم.**
**هەرچەند برسیم،**
**بەڵام لانەی برسێتیم و**
**غەمی هەموو برسیەکیش لە کۆڵ ئەگرم.**
**راوچییەکم...**
**هاتووم وەنەوز لەناو چاوەکانتانا راوئەکەم.**
**چاوی زەقیان وەکو هەور**
**بارانی قین ببارێنێ،**
**شەستەی ئازار و زۆریان نامترسێنێ**
**لە سنگی خۆم رائەبینم**
**بەری زریانی قین بگرێ.**

1977/4/24 لەسەر شانۆی چالاکی قوتابیان لە سلێمانی لە کۆڕێکدا خوێندرایەوە.

# جەنگەڵی پشکۆ

سلێمانی ⁄ 1976

من مەست نابم...
تا سەرچاوەی کانیاوەکان
بەرگی لیخن دانەدڕن.
پێناکەنم...
هەتا شادیم لە بەهەشتی زنجیرا بێ.
هەرگیز نانووم،
چاو لێکنانێم...
هەتا ووشەی لایلایەکەی دایکم
لە گەروویا دیل کرابێ.

کۆرپەکانم...
گوێم بۆ شلکەن
سەرگوزەشتەی گوێ ئاگردانی داپیرەتان بۆ بگێڕمەوە
گوێم بۆ شلکەن...
ئەفسانەی شەوی توشی زستانێکتان بۆ بگێڕمەوە...
زەمانێ بوو...
شەوچەرەی رابواردن باوبوو

ژیان سواری گۆڵەباگیری هەوەست بووبوو،
ئەوەی گوێزەبانەی کوڕەزای،
دێڵە وورچی ئەشکەوتە روخاوەکەی نەخواردایە
هەرگیز منالّی نەئەبوو.
زەمانێ بوو...
سوارە بە پشتی رووت
ئەسپی یاخی بوونی تاوئەدا،
پێخاوسەکان...
دەستی رچاویان ئەکرد بە ناو کەوشەکانا و
لە جەنگەڵی دڕکودالّا،
بەبەری پێ، چقڵەکانیان لائەدا.

کۆرپەکانم...
لەو ساتەوە و هەتا ئەمرۆ...هەردەکێڵم
بەدوای نهێنی پێچانەوەی نوشتەکانا وێڵم
لەو ساتەوە و هەتا ئەمڕۆش، هەر کۆچەریم
وێڵی جێگا نزرگەیەکم

رەشماڵی کۆچەریمی تیا هەڵبدەم
لەو ساتەوە...

خۆم زوخاوی زامەکانم ئەخۆمەوە.
دوێنێ لە بەرەبەیانی خوێنا
لە پایتەختی ماشەی تفەنگا
تەرمی چڵێ زەیتونیان ناشت،
تەلی تاری روبابەیەك
بە هەموو هێزی ئەینەڕاند
لەوەتەی هەم، وشترێکم،
ملوێنەها کوڕم هەبێ
ملوێنەها کچم هەبێ
باری گران، هەروا بە کۆڵی خۆمەوە.
لەو ساتەوە...
خۆم زوخاوی زامەکانم ئەخۆمەوە.
کۆرپەکانم....زانیوتانە !!
(ئەڵقە لە گوێ،
بەرگی پاشای لەبەرکرێ، هەر کۆیلەیە ؟؟ )

ئازار،
زریان،
تەمومژی گێژەڵوکە
نیازیان وایە

بەرەو باپیێچی بێدەنگی رامبماڵن
بەڵام، کارمامزی خۆزگەکانم بێدەنگ نابێ و
توونی بابا ئەپشکنێ
بێدەنگ نابێ و
جارێکی دی
لەپی دەستم ناکەم بە خوانی چەقەڵ
جارێکی دی، رێگا نادەم
دێڵە وورچ، باخ و بێستانم بشێلــێ
رێگا نادەم
دارگوێزەکان بوەرێنێ.

(ئەوانەی ئەیانەوێ زۆرانبازبن
دەبێ بەرگی جەنگ لەبەرکەن.)
ئەوانەی کڵاورۆژنەی بەختیان ئەنوێ
خۆیان لایلایەی بۆ ئەکەن.
ئەوەی دوای (کڵاوەکەی سەخری جن ) ئەکەوێ
دەبا لە ئێستاوە بنوێ
بەڵکو لە خەونا بیبینێ.

ئێمە ئێستاش...

بە زامی جێ دەمی، مارە سڕبووەکەوە دەتلێینەوە
کە تینی خۆرمان بووژانیەوە
کە تینی خۆرمان بووژانیەوە.
کۆرپەکانم...
وەرن، وەرن، شەوان نانوین
ئێشکی زەنگی زەنگوڵە ووردیلەکانی
سەر داری لانکەکان ئەگرین.
وەرن، وەرن، شەوان نانوین
ئێشکی ووشەی دیلکراوی گەرووی دایکمان ئەگرین.
وەرن، وەرن، شەوان نانوین
ئێشکی کلّپەی ئارارات و سەفین و رەشکۆ ئەگرین.
بۆ ئەمجارە...
دەبین بە گاسنی مەرگ و
گیانی داگیرکەر ئەکێڵین.
بۆ ئەمجارە...و
لە سیناروێی داستانەکانی پێشوودا
شانۆگەری پشکۆ و جەنگەڵ پێشکەش ئەکەین...
شانۆگەری پشکۆ و جەنگەڵ پێشکەش ئەکەین.

# چاوەڕوانی لە بەندەری شەوا

سلێمانی ١٩٧٦/

لە ڕەشەمەی نوستنمەوە
لەو کاتەوە کە تارای ڕەش
نازی بوکێنیتی شاردەوە...
چاوەڕێتم.
چاوەڕوانیت، تاوانێکە و
بە کەناری دەریای شەوێکی سوورا هەڵواسراوە
فریشتەیە... و
کلوی بەفری نهێنیەکان ئەیبارێنن
چاوەڕوانیت، هەژارێکە و
لە دڵۆپە ئارەقی ماندووبوونیا چاوەڕێتە
چاوەڕوانیت، فووی ئاوازی شمشاڵێکە و
لە گەرووی دەروێش عەبدوڵڵادا چاوەڕێتە؛
چاوەڕوانیت، پێنوسی شاعیرێکی تاراوگەیە و
لە قوژبنی نامەی نامۆییدا چاوەڕێتە.
چاوەروانیت، ئێشکگرە و
لە شەوارەی زرنگانەوەی شەوەکانا
ئێشك ئەگرێ...
ئێشك ئەگرێ،

هەتا چاوی گشت سەگەکان بۆڕئەدا
ئەوسا لە بەندەری غەمی گیانی خۆما
چاوەڕێ بووم کەشتی بگا و
تیشکی ئالآی سەر پاپۆڕی چاوەکانت دەربکەوێ.
چاوەڕێت بووم...
تا روبار و چەم و دەریا
لەبەر چاوم، یەك، یەك
بوونە خەونێکی دەمەوبەیان
نەهاتنە دی ...
نەهاتنە دی... داخی گران.
تۆ پاپۆڕێکی باڵداری و
چاوی چاوەڕوانی منیش
تەپاوتلی تانوپۆکەی
لەنێو نوێنی بێ هیوادا ئەکردە خەو.
نەرمینەکەم...
ئەی ئەو شۆخەی قەدەغەی دەستی دوژمنی
ئەی ئەو شۆخەی، هیوای ملوێنەهای وەك منی
زۆر دەمێکە بەڵێنم داوە
بمرم بۆ ئەو رۆژەی تۆی تیا لەدایك ئەبی.
چاوەڕوانیت، قاوەی پرسەکەی باوکمە و

له خامۆشی ژوورەکەمدا ئەخورێتەوە.
پەڕە، پەڕەی پەرتوکەکان..
دێڕ بە دێڕی ووشەکانیم شیکردەوە
تا پەی بەرم بە نهێنی گرێ کوێرەی گەڕانەوەت.
لەپڕ، پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەم جوڵایەوە
زۆر دڵخۆش بووم...گەشامەوە
وامئەزانی ئەو شەوەت بە هەل زانی تیا بێیتەوە
کە راپەڕیم بۆ پێشوازیت...
روانیم....رەشەبا بوو....رەشەبا بوو،
لەنێو دەنگی گڤەکەیدا
مەلە ئاوارەکان
نهێنی دۆزینەوەی تۆیان درکان
چپەی مناڵەکان تەقینەوە
ترپەی پێکان بووژانەوە... رەوینەوە
کە سەگەکان حەپەیان کرد
بە گژ دەمیانا چوومەوە
ئیدی نەمویست لەوە زیاتر خۆم تەفرەبەم
بەڵێنمدا
دەست لەناو دەستی دڵدارا
بێم بە دواتا... بتدۆزمەوە... بتهێنمەوە.

## هۆنراوەكەم

سلێمانی ⁄1976

نیسان...
یادی لەدایك بوونی هۆنراوەكانمە،
نیسان...
یادی هەرەس هێنانی هیواكانمە
هۆنراوەكەم چاو نارێژێ ... بەلێنمە.

كاتێ لیقای خوا دەركەوت...
دای لە كێوی (تور) سوتانی
كێو ئەگریا و بە خوای ئەووت...
خۆ پیێشاندانت بۆ (مووسا )
غەزەبێ بوو لە من گیرا.
وەڵامی خواش بۆ كێوی (تور)
ئائەمە بوو...
ئەی كێو، تۆ زۆر بەرێز ئەبیت
لەنێو گلێنەی چاوانا ئەبیت.

شەرتە هۆنراوەكەم چاو نەرێژێ

بەڵێن وابێ
تا لیقای خوای سەربەستی
نەیدا لەو کێوانەی
گوڵاڵەسوورەی نەورۆزیان تیا رووابێ
چاو نارێژێ، بەڵێن وابێ.

تۆ بۆت نیە سواری کەژاوەی تیژڕەو ببی
ئەڵێن: لە پیاوی خۆی دێ
لە من نایە، لە من نایە.
هۆنراوەکەم ئاهەنگێکە..
دەڵێن ئاهەنگ، بێ بتهۆڤن
سەدای نایە، سەدای نایە
بتهۆڤنی هۆنراوەکەم
شمشاڵێکە..
لای شوانێکە
شوان، کەڕ و لاڵە
دەنگی نایە، دەنگی نایە.
هۆنراوەکەم کاتژمێرە و دواکەوتووە
کاتژمێرچی ووردبینەکەی بزربووە
چاری نییە، پێش ناکەوێ

**هەر لە دوایە، هەر لە دوایە.**

**هۆنراوەکەم چاو نارێژێ**

**بەڵێن وایە.**

**هۆنراوەکەم (هۆبز) نیە**

**(میر)ی (ماکیاڤیلی) نیە**

**تا ئێسك و پروسکی (لیبیۆ)**

**بۆ شاکانی دیکتاتۆری بهارێنێ**

**هۆنراوەکەم**

**کۆیلەیەکە**

**جوتیارێکە**

**هەژارێکە**

**بەگژ کۆنگرەی (سیپایر)دا ئەچێ**

**(ڤۆڵتێر)ێکە و**

**پەنجە بە چاوی تاوانا ئەکا**

**(ماجەللان)ە و**

**بەدوای کوردستانە ونبووەکەما ئەگەڕێ**

**(ماجەللان)ە و**

**(فلیپینی)ەکان سەری ئەبڕن.**

**شەرتە هۆنراوەکەم چاو نەڕێژێ**

**بەڵێن وابێ**

**تا لیقای خوای سەربەستی**

**نەیدا لەو کێوانەی**

**گوڵاڵەسوورەی نەورۆزیان تیا رووابێ**

**چاو نارێژێ، بەڵێن وابێ.**

## سروود

سلێمانی 1976

ئەی میللەتانی سەرزەمین
ئێمەی چەوساوە نابەزین

رێی تێکۆشان هەموو خاربێ
رۆژی رووناك شەوی تاربێ
ئازادی هەر بەدەست دێنین
ئەگەر لە حەوت قولەی قاف بێ

ئەی میللەتانی سەرزەمین
ئێمەی چەوساوە نابەزین

ئێمەی نەوەی کاوەی ئەمرۆ
بوینەتە ئاگر و پشکۆ
ئەچزین بە گیانی دوژمنا
وەکو قازی و سەیف و سمکۆ

**ئەی میللەتانی سەرزەمین**
**ئێمەی چەوساوە نابەزین**

**ئێمەین بە دوانزە مەردەوە**
**چووینە کۆڕی نەبەردەوە**
**تا لە بەرەبەیانێکی زوودا**
**ئاگری نەورۆزمان کردەوە**

**ئەی میللەتانی سەرزەمین**
**ئێمەی چەوساوە نابەزین**

**خاکمان بە خوێن ئەنەخشێنین**
**بۆ گشت گێتی ئەسەلمێنین**
**ئێمەی نەتەوەی کورد**
**قەت نامرین، هەر ئەمێنین.**

**ئەی میللەتانی سەرزەمین**
**ئێمەی چەوساوە نابەزین.**

# پرسەی مەرگ و
# زەماوەندی لەدایکبوون

سلێمانی 1975

**کاتێ دایکم منالّ بوو**
**من تەمەنم چواردە سالّ بوو!!**
**بەخێوکەرێکمان نەبوو**
**دلّخۆشکەرێکمان نەبوو**
**کەسمان نەبوو.**
**مردووەکانمان، ئاهەنگی دوارۆژیان ئەگێڕا**
**کلاّوی دەست بەسەراگرتوو...**
**لە کەلاوەی پشتی مالاّنەوە ئەدۆزرایەوە**
**دەستی سەر کلاّوەکە...**
**هەر پێنج پەنجەی ئەقرتێنرا.**

**کە دایکم منالّ بوو**
**من تەمەنم چواردە سالّ بوو !!**
**گومان لە بێگومان ئەکرا**
**زەرد و سوور لە مەنجەلّێکا نەئەکولاّ**

سێیەم، لە گۆڕەپانی شاردا هەڵئەواسرا
چوارەم، لەسەر پێست گیرفانی دروست کردبوو
پێنجەم، قورئانی دزراو لە کەشیەکەیدا حەشار درابوو
شەشەم، دیاری و باربووی زیاتری بۆ ئەچوو
حەوتەم، لەسەر داوێنی نوێژ ئەکرا و
سەدان مەولودنامەی لەسەر ئەخوێنرایەوە
هەشتیش، پیاڵەیە عەرەقیان
بە کیلۆیەك تەماتەوە ئەخواردەوە و
پێی مەست ئەبوون.
خەڵوەچیەکان...
بە تاوانی داوێن پیسی زیندان ئەکران.

کە دایکم بوو بە سێ ساڵە
من هەر دەمزانی مناڵە
هەزار تاوانیان دەنایە پاڵ
کەچی نەیئەکرد بە گاڵە
وایلێکردین، چاوی قینمان بکەینەوە
لوتمان بڕی
دەستمان بڕی
ماڵمان بڕی

سەرمان بڕی
سوورمان بێ ناچار کرد بە زەرد
هەژارمان دەوڵەمەند کرد
دەوڵەمەندمان بەرەو پێچەوانە ئەبرد
هێندەی پێ نەچوو..
دایکم شوویەکی تریشی کرد
بووم بە یەك دایکەی هەزار باوکە
هەرچی هەڵئەسا باوکم بوو
تاوانەکە، نەهی دایکم، نەهی من بوو
تاوانبار، مارك و پەنجایی و تمەن بوو
تاوانبار، کورسی و ماشێن و تەلار بوو
تاوانبار، تاوانبار بوو.
تەمەنم بوو بە بیستوچوار ساڵە
دایکم زانی ئەو شووانەی بەتاڵە
دەستی لە مێردەکانی هەڵگرت
منداڵانی ئەوانیشی لە کۆش گرت
ناوماننا دایکی یەکگرتوو
هەزاران هەزار برای تریشم بوو
مرۆڤ دۆستانیش لە تەکما بوون
تا زانییان من یەکگرتووم

**من دەربەست نیم**

**من، منم**

**ئیدی شمشێری بێ توانا**

**داس و چەکوش و فانتۆمی لێم هاندا**

**دایکم کوژرا.**

**کە هەتیوو بووم**

**تەمەنم بیستوهەشت ساڵ بوو**

**لە شەوی پرسەکەی دایکما**

**من کوڕم بوو**

**من کوڕم بوو.**

# نیاز

سلێمانی ١٩٧٥/

کرێوە نمنم دائەکا
گێژەڵوکە، هەر ساتەی جارێ
دەماغی پوتم بۆ ئەشڵەقێنێ.
ژیان ئەڵێ:
گەر بزنەکە لە شاخەکە هەڵبدێرێ،
تاوانبار (عومەری کوڕی خەتاب) نیە
تاوانبار، شوانەکە نیە!!

بۆ سەدەیەکی داهاتووی تر
مرۆڤە سپیە راوچیەکان
ماسیە رەشەکان، بە تۆڕ ئەگرن؛
راویان ئەکەن...
لە جەنگەڵ و بیابانا
بەداوەوە
بە تەڵەوە
ئەیانگرن
ئەیانکوژن...
راویان ئەکەن... راویان ئەکەن.

سالّی تازەش...
(سادات ) ئەلّیّ:
نیازم وایە، چۆلّی (سینا)
بکەمە باخچەیەك و
منالآنی (قاهیرە)ی تیا فیّری دلّداری ئەکەم.

(ئەهریمەن)یش وەهای نیازە
لەسەر خاچی گۆڕی باوکم
درەختیّ بڕوێنیّ
نیازی وایە...
هیّلکە شەیتانۆکەی بۆ بگریّ
وەهای نیازە.. ئەو هیّلکەیەش
کە حوشتری بۆ هەلّبیّنیّ.

بەلآم منیش بۆ ئەم جارە
وەهام نیازە...
گەر نیازبەخشان لەگەلّما بن
(خولەبوزیّ) پەروەردەکەم
کە شیّتیەکەی قەلّغانی بیّ

که سەرسنگی تیغ نەیبڕێ
وەهام نیازە...
مێشکم پڕکەم تا پووت نەبێ
گێژەڵوکە نەیشڵەقێنێ.
نیازم وایە
هەرچی تەڵە، هەرچی داوە
بیپسێنم... بیشکێنم
قولەڕەشەکان لە راو رزگاربکەم.
نیازم وایە
وەکو مڵە...
رەگی داری بەرە حوشتر بقرتێنم
نیازم وایە..
بۆ ئەم جارە،
هەزار نیازی تریشم هەبێ..

# هەستێکی زیندو

سلێمانی ⁄1975

چیت دیٚ ؟؟
له روانگەی بیری کوردێکەوە
تروسکەی هەستم ئەدی.
لەسەر شەقامی (شانزەلیٚزیٚ )
خوێنفرۆشێکی ترسنۆکم دی
(داتسن )ێکم دی...
تایەکانی کەللە سەر بوو.
کۆشکێکم دی..
پایەکانی بەشەر بوو.
له قەسابخانەکەی (شیکاگۆ )دا
لاکێکم دی...هەلٚواسرابوو
ناسیمەوە...
زامەکانی پێیان ووتم،
چۆڕاوگەی خوێنەکەی نەخشەیەك بوو
لەسەر چوار خشتی رەنگاوڕەنگی

قەسابخانەکە کێشرابوو.
تۆ بڵێ: چیت دی ؟؟
لەسەر لوتکەی چیا جەرگ هەڵقرچاوەکان
بنکوانوی زۆر ئاگری کوژاوەم دی

شوانێکم دی...
بەدیار ژیلەمۆی ئاگرێکەوە ئەگریا
گوێشم لێبوو، کە پێی ئەووت.
رۆژێك ئەبێ..
کزەی بایە
شنەی بایە....بەلاتابێ
هەستیتەوە...بکرێیتەوە
رۆژێك ئەبێ
دوانزەسوارەت کۆبنەوە
چۆپیەکی نوێت بۆ سازکەن
بە خوێنی سووری بڕوایان
نەورۆزی دوارۆژیان خۆشکەن
لە هەمووی سەیرتر، کەبینیم
ئەو رۆژەم دی...
لە نێوانی سێ پەڵە هەوری چڵکنا پێئەکەنی.

# پێنج هەواڵ و یەك گلەیی

سلێمانی /1975

**هەواڵی یەکەم**

لەدوای ئەوەی کە کۆچت کرد
لەپاش نۆشینی دوا پێکی ئیمارەتم
(ئینکیر) و (مونکیر)ەکانی سەرزەمین
یەك، یەك پشت ملیان ئەگرتین
ئەیانبردنی بۆ ئەو گۆڕەی
توڕڕەی ئاشتی پیاکرابوو؛
سەدان پرسیاری سەوز و سوور
لەگەڵ تفا رووی ئەگرتین.

**هەواڵی دووەم**

لەدوای ئەوەی کە کۆچت کرد
هەواڵی شەوی مزگەوت وای راگەیاند
منالێکی هەتیوی کورد
یادی لەدایك بوونی بوو
مۆم چنگ نەکەوت دایگیرسێنێ
هەتا خوێن و ووشە و فرمێسك
بوونە مۆم و بۆی داگیرسان.

**هەواڵی سێیەم**

**لەدوای ئەوەی کە کۆچت کرد**

**ریپۆرتاجی خوای (ئاهرۆمەز) لە چاپ ئەدرا**

**مۆرانەی کتێبخانەی وولاتەکەم**

**لێم ئەپرسن...**

**کە من چی بووم**

**چ کارە بووم**

**لە پێش سەد ساڵ لەمەوبەردا...**

**وەڵام هەیە...**

**بەڵام دەمم وەك تەڵە تەقیوە**

**لە داخی پێکەنینی نێچیر**

**لایەکی خۆمم گەزیوە.**

**هەواڵی چوارەم**

**لەدوای ئەوەی کە کۆچت کرد**

**لەلای ئێمە داسك و دەرزی**

**مرۆڤێکە کە غەم ئەخوا.**

**هەواڵی پێنجەم**

**له (عەتارد)ی بڕوامەوە**
**ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر کاسە ژان ئەیگرێ**
**ژانی ئەو کۆرپەیەیە**
**کە لە دەمی نەهەنگا لایلایەی بۆ ئەکرێ**
**کە پیێڕەوگە بوو**
**شەپۆلەکانی دەریا رائەگرێ**
**لاپەڕەی درۆکانی مێژوو ئەدڕێ**
**رائەپەڕێ**
**رائەپەڕێ.**

## گلەیی

**لەدوای ئەوەی کە کۆچت کرد ئەی مامە گیان**
**لە دوای ئەوەی بەجێتهێشتین ئەی مامە گیان**
**نەنگە لەلام، کە پێت بلێم ترسنۆك بووی**
**بەڵام ناچاریشم ئەیلێم، وەزنی شیعرە !!**
**چونکە لە پرسەی باوەخونی شارەکەما دانەنیشتی.**

لەیانەی مامۆستایانی سلێمانی لە کۆڕی ماتەمی ساڵێك تێپەڕبوون بەسەر کۆچی دوایی عەلی باپیرئاغای شاعیردا خوێندرایەوە.

# باوەخونی

سلێمانی 1973/7/23

شار خامۆشە...
شەوگار تایکی لە کۆشە
ڕەشەبای شوم و نەگبەتی
ترسناکە،
شەڕفرۆشە
وورتەی خەڵکی لەبەردەرگا
ئەیانچرپان بە گوێی یەکا
لە باسی ئەو بوك و زاوایەی
دوێنێ شاییان بۆ کرا
کە چووم رووانیم
هەوری ماتەم
ئەبارێنێ بارانی غەم
بەسەر ئەو ماڵەی کە دوێنێ
نانی شاییەکەی تیا خورا
بەسەر دایك و باوکی بوکا
بەسەر گەڕەکی بچوکا
بەسەر دڵی کۆست کەوتوا
بەسەر زاوای بێ هۆش بووا

بەسەر ئەو خەڵکەی بۆ پرسە
هاتوون بۆ ماڵی ئەو بوکە
بوکی ناکام ...
بوکی پێنج شەش رۆژ بوکێنی
زاوا خێری لێنەبینی
خەڵکی گشتی راوەستاوە
بوك بۆ گۆڕستان رێکخراوە
چاوەڕوانی کەسوکارە
کە بیبینن بۆ دواجارە
دایك کیژی بە دوو شێوە
لەبەر دەستا هەڵگیراوە
دوێنێ بوك بوو بۆ لای زاوا
ئەمڕۆ بوکی مەرگی ناوە
بەڵێ تەرمی بوك هەڵگیرا
بە تارای رەش رووی داپۆشرا
وورده وورده بۆ گۆڕستان
هەنگاو ئەنێ دێ لەگەڵمان
تا گەشتینە شاری مردووان
بوکێشمان ناشت لەلای ئەوان
بوکی شیعرم

**نازانم چۆن ناوت بەرم**

**هەستی شیعرت بۆ دربڕم**

**هەتا منیش وەك تۆ ئەمرم.**

**پێشکەشە بەو بوکەی لە شەوی باوەخونیەکەیدا**
**دڵی لە لێدان کەوت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان کرد.**

# زەردەپەڕ

ئای چەندە زەردەپەڕ
لەنێو چاوانتا جوان بوو
کچێ نەکەی...
دوای بارانی ئەو فرمێسکانە
خۆرئاوابوونم پیێشاندەی
کە تۆ هاتی
من پیێم نابووە دەمە دەمی ئێوارەوە
بیرت نایە....
لەگەڵ یەکەم دیدارماندا
بەیانیم بوو خۆرم هەڵهات ؟؟
نەباران و
نەزریان و
نە ڕەشەبای ئەو ژیانە ئاڵۆزەشم
نەیانتوانی زەردەپەڕم بشارنەوە
بەڵام ئەمڕۆ
پەڵە هەوری زیزبوونی تۆ
ئاسۆی کەڵی لــێ تەنیووم
کچێ نەکەی
خۆرنشینی ئەو ژیانەم پیێشان بدەی... کچێ نەکەی.

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................ 5
سیزیف ........................................ 27
هاڕەی هەست........................................ 31
بەهاری دواقۆناغی تەمەن ........................................ 37
کوڕەو ........................................ 39
خەونێکی تەمەن شەڕ........................................ 49
کۆترە شەلەکە........................................ 55
ژیلەی هەڵچوونی مەرگ ........................................ 59
فەرهادی هەڵۆ ........................................ 69
سەروەری........................................ 71
گۆڕی دیلکراو ........................................ 73
کە سەگرمە رووخا ........................................ 75
قۆچی قوربانی........................................ 78
بەرداش ........................................ 79
پیرە هەڵۆ ........................................ 83
نیگا ........................................ 86
دوێنێ و ئەمڕۆ........................................ 89
ئەوین........................................ 91
تەرو ........................................ 93
کلّپە ........................................ 95
شار ........................................ 99
پرسیار........................................ 101
بۆ گۆشەی یەکتری ناسین........................................ 104
کــــۆچ........................................ 105
دوێنێ لە ئاوێنەی ئەمڕۆدا ........................................ 111
شەوانە یاد ........................................ 115
شاعیرێك ........................................ 117
دەنگم........................................ 119
نۆتەی وشەیەك........................................ 121

گۆرانیەك............................................................................................................................... 125
وەڵامی مێژوویەکی بێدەنگ............................................................................................................. 131
ساتەوەختێ ........................................................................................................................... 135
تروسکە ................................................................................................................................ 138
فەرهەنگی ڤینێکی سوور.............................................................................................................. 140
کوانوی خەم .......................................................................................................................... 143
فرمێسکی بێ گریان.................................................................................................................... 148
جەنگەڵی پشکۆ.......................................................................................................................... 151
چاوەڕوانی لە بەندەری شەوا ........................................................................................................ 156
هۆنراوەکەم ............................................................................................................................ 159
سروود ................................................................................................................................. 163
پرسەی مەرگ و ....................................................................................................................... 165
نیاز...................................................................................................................................... 169
هەستێکی زیندو ....................................................................................................................... 172
پێنج هەواڵ و یەك گلەیی.............................................................................................................. 174
باوەخونی .............................................................................................................................. 177
زەردەپەڕ .............................................................................................................................. 180